# توێژینەوەی هەندێ لە شوێنەناوەکانی دیوانی میرزا ئەحمەدی داواشی

## پوختە

شوێنەناوناسی یەکێ لە لقەکانی گرینگی زمانەوانییە کە ڕێسای گشتی و تایبەت بە خۆی بۆ دۆزینەوەی ڕەگ و بنەما و واتا و چۆنیەتی بەکارهێنابی جێگەی ناوەکان هەیە. مامۆستا میرزا ئەحمەدی داواشی لە دیوانەکەیدا سەرتر لە هەزار جار ئاماژە بە یاگەناوەکان دەکات کە زۆربەیان لە پارێزگاکانی کرماشان و کوردستان. مەبەست لەم وتارە دەرخستنی ئاستی بەرزی بیری سەرسوڕهێنەر و لەڕادەبەدەری شاعیر لە کەڵک وەرگرتن لە شوێنەناوەکان و زەق کردنەوە و جەخت‌کردن لە سەر گرینگیی ئەوانە تاکوو بە شێوازێکی زانستی تۆمار و پێناسە بکرێن. شێوازی توێژینە بەم جۆرەیە کە دوای تۆمارکردنی شوێنەناوەکانی نێو دیوانەکە، ئەوان بە پێی جۆرەکانی شوێنەناو ڕێک دەخەین. لە قۆناخی دواتردا پێشینەی هەندێ لە دیارترین وشەکان کە هەڵگری ئەو شوێنەناوانەن دەردەخەین و بە یارمەتی سەرچاوەی نوسراوی مێژووی بەڵگەمەندییان دەکەین. پاشان و لە دواترین قۆناخدا ڕەگ و واتای هەندێ لەو وشانە کە بەرفرەتر و زەقتر لەم دیوانەدا هاتوون بە پێی زانستی وشەناسی و زمانەوانی مێژوویی لە سێ قۆناخی مێژووییدا پیشان دەدەین و شیکاریان دەکەین. ئەمە لە خۆیدا هۆکاری کەڵک وەرگرتنی مامۆستا داواشی لەم وشە دیارانە لە ڕوانگەی مێژوویی، سروشتی، کۆمەڵایەتی، ئایینی و ... پیشان دەدات. ئەم وتارە بەم ئەنجامەمان دەگەیەنێت کە میرزا ئەحمەد لە ئاستێکی جوانکاری وێژەیی زۆر بەرزدا و بەئاگابوون لە چەمکی مێژوویی، سروشتی، کۆمەڵایەتی، ئایینی و ... شوێنەناوەکان بۆ گەیاندنی هزر و چەمکی کاریگەر و کارامە بە جوانترین و ڕازاوەترین شێوە کەڵکی وەرگرتووە.

**وشە سەرەکییەکان:** دیوانی میرزا ئەحمەدی داواشی، شوێنەناوناسی، جۆرەکانی شوێنەناو، پێشینەی شوێنەناو، پێکهاتەی شوێنەناو

## ١-پێشەکی

وشەی Toponomy واتە شوێنەناوناسی وشەیەکی لێکدراوی گریکییە کە لە دوو بەشی "topo" بە واتای شوێن و جێگە و یاگە یان زەوی و بووم و "nomy" بە مانای ناو پێکدێت. شوێنەناوەکان واتە ئەو وشانە کە بۆ ناونیانی جێگە و یاگە و کەژ و دۆڵ و شار و دێ و ... بەکار هاتوون. ئێمەش لە زمانی دەوڵەمەندی کوردیدا ئەتوانین لەباتی تۆپۆنومی لە شوێنەناوناسی، جێگەناوناسی یان یاگەناوناسی کە ئەمانیش هەر بە هەمان شێوەی وشە گریکییەکە وشەگەلێکی لێکدراون کەڵگ وەرگرین. شوێنەناوناسی یەکێ لە لقەکانی گرنگی زمانەوانییە کە ڕێسا و بنەمای گشتی و تایبەت بە خۆی بۆ دۆزینەوەی ڕەگ و بنج و واتا و چۆنیەتی بەکارهێنابی شوێنی ناوەکان هەیە کە بۆ مەبەستی ڕوونکردنەوی

بابەتی ئەم وتارە دوایی لە جێگەی خۆیدا ئاماژەیان پێ دەکەین. ئەم بابەتە لقێکی نوێی زانستییە کە سەر بە بواری زانستی زمانناسییە و هەر بە هۆی زمانەوانییەوە ئێستا بووە بە ڕۆژەڤێکی زانستی و لە وڵاتە ڕۆژئاوایەکاندا زۆرتر پەرەی سەندووە. ئیدی ناوە جۆگرافییەکان بوون بە بەشێکی دانەبڕاوەی ژیانی ئێمە و ئەگەری ئەوە هەیە هەندێ لەم ناوانە لە زمانێک و لە کاتێکی پێشوی مێژووییەوە گەیشت بوونە نێو زمان و کات و سات و یاگەکانی ئێستای ئێمە و هەڵگری مێژوو و ڕیشەیەکی زمانی تایبەت بە خۆیان بن. بەم هۆیەوە ئێمە لە زانستی شوێنەناوناسی کەڵگ وەرئەگرین هەتاکوو دیرۆکی ژێرخاکی و بنج و ڕیشەی زمانی ناوە جۆگرافیەکان هەڵدەینوە و بیانخەینە دەر و بیاندەینە بەر باس و لێکۆڵین.
هەندێ لەم یاگەناوانە لە هەر ناوچەیەک بوون بە بەشێکی دانەبڕاوە لە ژیاری کۆمەڵایەتی دانیشتوانی ئەو ناوچە و بگرە هەندێکیشیان سنورەکانیان بەزاندوە و بەهۆی تایبەتمەندی جوگرافی یان مێژوویی یان زمانیی خۆیانەوە بووبن بە هێما و هەڵگری واتا و چەمکێکی تایبەت نەتەنیا لە وتە و مەتڵە و قسەی سەرزاری خەڵکی بەڵکە لە شیعری شاعیرانەیشدا ڕەنگ و دەنگیان داوەتەوە.
شوێنەناوەکان بەپێی ناوەڕۆکی پێکهاتەیان بەسەر چەند لایەندا دابەش و پۆلێن دەکرێن: بووم-وێنەناوەکان، خێڵ و هێز-شوێنەناوەکان، ژین-شوێنەناوەکان، گیا-شوێنەناوەکان، بیرەوەری و کەس-شوێنەناوەکان، ئاو-شوێنەناوەکان، ئاسمان و ئەفسانە-شوێنەناوەکان، ئایین-شوێنەناوەکان، گەڕۆک (کۆچ)-شوێنەناوەکان، ناو-شوێنەناوەکان (ئەحەدیان و بەختیاری، ١٣٨٨). سەرەڕای ئەمە، لە دو لایەنەوە ئەتوانێن لێکۆڵین لەسەر هەر شوێنەناوێک لە چاوگی بنەمای ناونانییەوە بکەین: یەکەم بە پێی پێکهاتەی وشەی شوێنەناوەکان بریتی لە سادە، لێکدراو یان داڕێژراو و دوهەمیش لەڕوانەگەی چەمک و مەبەستی واتای وشەکەوە لە ڕەوتی دیرۆکی زمانی کوردیدا.
مامۆستا میرزا ئەحمەدی داواشی لە دیوانەکەیدا ئاماژەی بە یاگەناوگەلێکی جیاواز و زۆر وەکوو ڕوانسەر، ئێران، جوانڕۆ، کوردستان، تاران، کرماشان، پەڕاو، بێستوون، تاقۆسان، ماکوان، شاوە، ئەردەڵان، و ... دەکات کە زۆربەیان لە پارێزگای کرماشانن و هەندێکیشیان لە پارێزگای کوردستان و دەرەوەی کوردستان بەگشتین. پرسیاری سەرەکی ئەم وتارە ئەوەیە کە میرزا ئەحمەد لە چ شوێنەناوگەلێک و بە چە مەبەستێ لە شێعرەکانیدا کەڵکی وەرگرتووە؟ بۆ دۆزینەوەی وڵامی ئەم پرسیارە بەم جۆرە شێوازی توێژینە لەم وتارەدا دەگرینە بەر: یەکەم جار شوێنەناوەکانی نێو دیوانەکەی میرزا ئەحمەد بەسەر نۆ لایەن یان جۆری ماک و ناوەڕکی پێکهاتەکەی وشەکانەوە دابەش دەکەین. پاشان مێژووی کورتی بیست دانە لە شوێنەناوە گرینگ و زۆرتر بەکار هاتووەکان لە لایەن هۆنەرەوە بۆ وێنە پیشان دەدەین. دواتر بە پێی چاوگی بنەمای ناونانیانەوە و هەروەها جۆرەکانی یاگەناو بە پێی پێکهاتەی وشەکە ڕێک دەخەین و و پاشان ڕەگی وشەکان و واتایان بە پێی زانستی وشەناسی یان زمانەوانی مێژوویی و ڕیشەناسی پیشان دەدەین و شیکاریان دەکەین کە ئەمە لە خۆیدا چەمکی شوێنەناوەکان و مەبەستی هۆنەر لە بەکارهێنانین باش دەردەخات. لە کۆتاییدا، وتاری ئێستا بەم ئەنجامەمان دەگەیەنێت کە مامۆستا میرزا ئەحمەد لە ئاستێکی جوانکاری وێژەیی زۆر بەرزدا

و بەئاگابوون لە چەمکی مێژوویی، سروشتی، کۆمەڵایەتی، ئایینی و ... یاگەناوەکان بۆ گەیاندنی هزر و چەمکی کاریگەر و کارامە بە جوانترین و ڕازاوەترین شێوە کەڵکی وەرگرتووە.

هەر بەم ڕێبازە و لەم وتارەی ئێستادا لە پێشینەی لێکۆلین یان شیکاریدا واتە لە بەشی دووهەمدا پێشینەیەکی کورت لەسەر بابەتی ئەم وتارە واتە شوێنەناوناسی بەگشتی و لە زمانی کوردیدا بەتایبەت باس دەکەین. بەشی سێهەمی ئەم وتارە شێوازی توێژینەوە لە خۆ دەگرێت. لەیرەدا یەکەم جۆرەکانی شوێنەناو بە پێی پێکهاتەی هەر وشەیەک ڕێک دەخەین و و پاشان مێژوو و ڕەگی بیست دانە لە دیارترین وشەکانی ناو دیوانەکە و واتایان بە پێی زانستی وشەناسی و ڕەوتی مێژوویی ئەوان پیشان دەدەین و شیکاریان دەکەین کە ئەمە بۆ خۆی گرینگی و هۆکاری کەڵک وەرگرتنی مامۆستا داواشی لە ڕوانگەی مێژوویی، سروشتی، کۆمەڵایەتی و ... پیشان دەدات. لە بەشی کۆتاییدا ئاماژە بە ئەنجام و دەسکەوتەکان و پێشنیارەکانی ئەم شیکارییە دەکەین واتە ئەم توێژینەوە بەم ئەنجامەمان دەگەیەنێت کە مامۆستا میرزا ئەحمەد بە یارمەتی زەین و هزرێکی سەرسووڕهێنەر لە ئاستێکی جوانکاری وێژەیی زۆر بەرزدا و بەئاگابوون لە چەمکی مێژوویی، سروشتی، کۆمەڵایەتی، ئایینی و ... یاگەناوەکان بۆ گەیاندنی  چەمک و مەبەستی کاریگەر و کارامە بە جوانترین و ڕازاوەترین شێوە کەڵکی وەرگرتووە.

## ٢- پێشینەی شیکاری

پێوەندییەکی چڕوپڕ لە نێوان زانستەکانی مێژوو، جۆگرافی و زمانناسی وشوێنەناوناسیدا هەیە. گۆڕانکاری و ڕووداوە ڕامیاری و کۆمەڵایەتییەکان لە مێژووودا لە هەر ناوچەیە مۆرکی خۆیان لە سەر زمان و ناوە جۆگرافییەکانی ئەو ناوچە داکوتاوە. لە مێژوودا، هەر دەسەڵاتێک بە پێی ئامانج و بەرژەوەندییەکانی تایبەت بە خۆی ناوی جێگە جۆگرافییەکانی گۆڕاوە و ناوی نوێی بە ئارەزووی خۆی و زمانی دەسەڵاتەکەی لەسەر داناون. لە بەر ئەمە، زانینی مێژووی هەر ناوچەیەک بۆ ناسینی باشتری شوێنەناوەکانی ئەو ناچە پێویستە. زانینی جۆگرافیاش بۆ کەسێک کە لە سەر جێگەناوەکان لێکۆڵین دەکات گرینگە چوونکە ئەگەری ئەوە هەیە هەندێ لە ڕووداوە سروشتییەکان ئاسەواری شار، گوند، قەڵا و ... لە ناو بردوو بێت کەچی ناوەکەیان لە کتێبە جۆگرافییەکاندا و لە سەر زەوی مابێت. لە زماناسیدا، لقێک بە ناوی ئونوماستیک یان ناوناسی پێوەندی بە توێژینەوە، گروپبەندی و شیکاری وردی ناوکان هەیە و دەتوانێت یارمەتی توێژەر بدات کە بە یارمەتی زانیاری ورد، بەشەکانی زمان، ناو و بێژە و پێکهاتەی شوێنەناوەکان دەرخات. هەروەها، زانستی ڕیشەناسی سەر بە زمانناسی دەتوانێت هاریکاری لێکۆڵێنەر بکات کە بە یارمەتی بنەماکانی ڕیشەناسی بنج و بناغەی شوێنەناوەکان لە سەردەمە جیاوازەکانی زمانییدا هەر چەند شێواو بن و گۆڕانکاری زۆریان بەسەردا هاتبێت تاڕادەیەک باشتر بناسرێن و دەرکەون.

بەگشتی لە پێشینەدا دوو شێوازی توێژینەوەمان بۆ ئەنجامدانی لێکۆڵینی شوێنەناوناسی هەیە. یەکێکیان بەقوڵی و بەوردی سەرنج دەخاتە سەر ڕیشەناسی، واتا و بنەمای تاکی شوێنەناوەکان و ژیاننامەی تاکی ئەوان بە وڵام دانەوەی پرسیارگەلێکی وەکوو کێ ئەم ناوەی پێوەناوە؟ کەی؟ بۆچی؟ چە واتایەکی هەیە؟ لەکوێدایە؟ و لە کوێوە هاتوە؟ ناو پێشوی؟ بۆ گۆڕاوە؟ ئەم پرسیارانە بە پێڕەوی کردن لە چوار قۆناخی شێوازی توێژینەوە واتە یەکەم، دیاریکردنی شێوازی ڕێنوسی بێژەکردنیان بەتایبەت لە لایەن دانیشتوانی ڕەسەنی یاگەناوەکەوە و شوێنی ئەو ناوە لە سەر زەوی ؛ دووهەم، دابەشکردنیان بە سەر نۆ جۆری ماک یان ناوەڕۆکی پێکهاتەی وشەناوەکان لە ڕوانگەی واتایی و ... ؛ سێهەم بەڵگەمەندکردنیان بە یارمەتی سەرچاوەی نوسراو لە کتێب و بەڵگە و گرێبەستە مێژوویەکاندا؛ چوارەم، وشەی جێگەناوەکان لە وێنگای ڕەوتی دیرۆکی گۆڕانی زمانی کوردی لە قۆناخەکانی زماندا بەپێی زمانەوانی مێژووییەوە شیکاری دەکرێن کە لە بەشی سێهەمی ئەم وتارەدا وردتر دەدرێنە بەر باس و لێکۆڵین.

ئەویتریان تیشک دەخاتە سەر شوێنەناوەکانی ناوچەیەک لە ڕووی کۆکراوەی داتاکان و بە بەربڵاوی شیکاری داڕێژەی ناوەکان دەکات. ئەم جۆرە شێوازی شوێنەناوناسییە بەگشتی دوایی ئەنجامی ژمارەیەکی زۆر لە توێژینەوە ورد و قوڵەکان بەشێوازی یەکەم کە پێشتر باس کرا بەڕێوە دەچێت. بەڵام بەگشتی ڕیشەناسی گرنگترین شێوازی توێژینەوەیە چوونکە کاتێ جێکاناوێک دانراوە بەدڵنیایەوە واتایەکی هەبووە و ئێستا ئەبێ ئەگەر بکرێت ئەو ڕواڵەت و واتایانە دەرخەین. تنت (٢٠١٥) باسی ئەم دوو جۆرە لێکۆڵینانە لەسەر شوێنەناوناسی دەکات و دەڵێت لە گواری زانستی نەیمز (Names) دا هەتا ساڵی بڵاوبوونی ئەم وتارە لە کۆی ٤١٠ وتار، ٢٢٣ وتاری قوڵورد، ٦٤ وتاری بەربڵاو و ٢٩ وتاری تێکەڵ و ٩٤ وتاری بە شێوازی توێژینەوەی جیاواز بڵاو بونەتەوە. هەروەها، لە مێژووی وڵاتانی ئەیرەدا زۆربەی مێژوونوسانی ئەم دەڤەرە ناوی شوێنەکانیان بۆ مەبەستی شرۆڤەی ڕووداوە مێژووەکاندا هاوردووە بۆ وێنە کتێبی "حدودالعالم" (٣٧٢ ک.م/٣٦١ ک.خ/٩٨٢ ز) کە ڕوون نییە نوسەرەکەی کێیە زۆربەی شوێنەناوەگرینگ و دیارەکانی ڕۆژهەڵاتی هەتا ڕۆژئاوا لە خۆ گرتووە. بەڵام، بە بۆچوونی ڕەفاهی (١٣٨٠) بەگشتی شوێنەناوناسی زانستێکی نوێی ڕۆژئاواییە و یاسا و ڕێساکانی لە لایەن توێژەرانی وڵاتانی ڕۆژئاواوە داڕژراوە. هەندێ لە توێژەرانی وڵاتانی دەوروبەری ئێمەش لە سەر شوێنەناوەکان کتێب و وتاریان نوساوە.

ئەونەدە وتار، لێکۆڵین و شیکاری لە سەر شوێنەناوناسی لە ئاستی جیهانیدا زۆرە کە ئاماژە بە ناوی گشتیان ئەستەمە و تەنیا ناوهێنانیان خۆی سەدان لاپەڕە نوسین دەبات. بەڵام وتار و نوسراوەی زانستی لە ناو وێژە و پێشینەی لێکۆڵین بە کوردی یان لە سەر شوێنەناوەکانی کوردستان بە هەر زمانێکی تر زۆر کەمە. بۆ وێنە سجادی (١٣٩٧) وتارێکی بە زمانی فارسی لە سەر شوێنەناوە سەرەکییەکانی پارێزگای کوردستان لە ڕۆژهەڵات نووسیوە و تێدا باسی ڕیشەی گۆران بوونی زۆربەی ئەو شوێنەناوانە کە ئێستا دانیشتوانی گۆران نیین دەکات بۆ ئەوەی گریمانەی ئەدموندز-مەکنزی بسەلمێنێت کە زۆربەی ناوچەکانی پارێزگای کوردستان بەر لە هاتنی کرمانجەکان بەرەو ئەو یاگانە گوایە لە نەتەوەی

گۆران بوون و دوایی لە تێکەڵ بوونی زاراوەی کورمانجی و گۆرانی زاراوەی نوێی کوردی ناوەڕاست ناسراو بە سۆرانی دروست بووە. فەتاحی لە وتارێکدا کە لە کونفەرانسی پێشووتری مامۆستا میرزا ئەحمەددا پێشکەشی کردوە توێژینەوی ئەنگارەکانی خۆماڵی و ناوچەیی واتە تەنیا لە ناوچەی هەوراماندا لە شیعرەکانی مامۆستا داواشیدا ئەنجام داوە. ئەم توێژینە تژییە لە ناوەڕۆک و خاڵی نوێ لەسەر شوێنەناوەکانی هەورامان کە نوسەری ئەم بابەتە بێگومان بە دانانی سەرچاوەی ئەم وتارە لێیان کەڵکی زۆری وەرگرتوە. بەڵام ئەم وتارە هیچ باسێک لە زانستێک لە ژێر ناوی جێگەناوناسی ناکات و شێوازێکی زانستی لێکۆڵینی بۆ توێژینەوەی شوێنەناوەکان نەگرنوەتە بەر. هەروەها، ئەو وتارە بەوردی باسی هۆکاری بەکارهێنان و کاریگەری ئەم شوێنەناوانە لە سەر جوانکاری وێژەیی شیعرەکانی میرزا ئەحمەددا ناکات.

## ٣- شێوازی توێژینەوە

پێشتر ئاماژە کرا شوێنەناوناسی لە بنەماکانی ڕیشەناسی زانستی کەڵک وەردەگرێت. ئامانجی ڕیشەناسی ئەوەیە کە واتای وشەکان دەربخات و دیاری کات. ڕیشەناسی هاوکات تەنیا بۆ دەرخستنی واتای وشە داڕێژراو و لێکدراوەکان بەکار دێت. بەڵام بە وتەی آرلانو (١٣٨٤ ڕ) کاتێ کە دەمانوێت لە سەر واتای ڕیشەی وشەیەکی ساکار توێژینەوە بکەین، ئەبێ و پێویستە ئەزمون و شێوەڕێگای ڕیشەناسی لەکاتیدا بگرینە بەر و بەو ڕێگایەیدا بچین کە واتای وشەیەک بە پێی ڕەوتی مێژویی ئەو وشەیە بە تێپەڕبونی کاتدا بدۆزینەوە. بەم چەشنە زماناناس ئەبێ بە پێی بەڵگە مێژوویەکانی زمانی ئەو کۆمەڵگایە کە ئەو وشەیە لە کاتە یەک لە دوای یەکەکاندا لەوێدا بەکار هاتوە بدۆزێتەوە و بە پێی یاسا و ڕێساکانی زمانەوانی مێژویی شوێنەناوەکان سەر لە نوێ چێی بکاتەوە.

لەیرەدا ئەتوانین لە سەر جێگەناوە کوردییەکان لە سێ قۆناغی مێژوویی لێکۆڵین بکەین. یەکەم ڕواڵەت و واتای شوێنەناوەکان لە قۆناخی دیرۆکی کۆنی کوردی واتە ئەوێستا-مادی و زمانە کۆنەکانی زنجیرە چیای زاگرۆسیش چۆن بووە. هەروەها ئەم شوێنەناوانە چ گۆڕانێکییان لە قۆناخی ناوەڕاستی زمانی کوردی واتە لە دوای دەسەڵاتی مادەکان و هەخامەنشییەکانیش لە پانتایی وڵاتی مادا لە سەر ناوی پارتی یان مادیی ناوەندیدا بەسەر هاتوە. هەروەها دەبێ دەری خەین کە ئەم شوینەناوانە لەدوای هاتنی ئیسلامیش بە ناوی کوردیی نوێ لە زاراوەکانی کوردیی ئێستادا چۆن گۆڕاون.

بەم جۆرە، ڕیشەناسی زانستی بەپێی ڕێساکانی گۆڕانی ڕواڵەت و واتا لە زمانەوانی مێژوییدا ئەرکی خۆی بەڕێوە ئەبات و ئەم ئەرکە بە دو شێوازی شیکاری ئەنجام دەدرێت. یەکەم شێوازی کتێبخانەیی و دوهەمیش شێوازی گۆڕەپانییە.

سەرچاوەکان لە شێوازی کتێبخانەییدا بە سەر دوو بەشدا دابەش دەکرێن. یەکەم سەرچاوەکانی بەر لە هاتنی ئیسلام و دوهەمیش سەرچاوەکانی دوایی دەرکەوتنی ئیسلام. سەرچاوە سەرەکییەکانی بەر لە هاتنی ئیسلام هەموو ئەو بەڵگانە لە خۆ دەگرێت کە پێوەندی بە خاک و وڵاتی کوردانەوە هەیە هەر لە سومرێکانەوە هەتا مادەکان و ئەو تاواتی نەتەوەکانی دیکەی زنجیرە چیای زاگرس. سەرچاوە لاوەکیەکانیش تەواو ئەو بەڵگانە لە خۆ دەگرێت کە پێوەندی بە زمانی ئەو نەتەوانەوە هەیە کە بە درێژایی مێژوو بەر لە هاتنی ئیسڵام خاکی کوردستانیان داگیر کردوە یان لەیرە بۆ ماوەیەکی کاتیی ماونەتەوە و لە ئەیرەوە بەر بە جێگانێ تر تێپەڕیوون. ئەمانە ئەتوانن دەربەرگری زمانی پارسەکان، ئارامییەکان و گریکەکان و سەکاییەکان و ... بن. سەرچاۆەکانی دوای ئیسلامیش یەکەم ئەو کتێبە مێژوویی و جۆگرافیانە لە خۆ دەگرێت کە لە لایەن نوسەرانی موسڵمانەوە نوسراون و دوەهەم و دواتریش گەریدەنامەی گەریدە بیانییەکان بەتایبەت هیی گەریدە ئوڕووپییەکانە.

شێوازی شیکاری گۆڕەپانیش وەهایە کە توێژەر بۆ خۆی دەچێتە گۆڕەپانی بکارهێنانی جێگەناوەکان و لە خەڵکانی ئەو دەڤەرە پرسیار دەکات کە چۆن ئەو شوێنەناوانە بێژە دەکەن و بۆچۆن یان بیستراوەی ئەوان لە سەر واتای ئەو شوێنەناوانە چۆنە. بەم ڕێڕەوانە، توێژەر ئەبێ قۆناخەکانی زانستی شیکاریی شوێنەناوکان لە خوارەوە بگرێتە بەر تاکوو بە ئەنجامێکی ڕوون و ڕێکوپێک بۆ واتای وشەکان بگات. بەم جۆرە و لە دەرئەنجامی ئەم شێوازانەدا، لەم وتارەی ئێستادا بۆ لێکۆڵین و شیکاری لە سەر شوێنەناوەکانی دیوانی میرزا ئەحمەدی داوشی ئەم پێنج قۆناخە لە خوارەوە دەگرینە بەر:

**یەکەم:** دەرهێنان و تۆمارکردن و نووسرانی چۆنیەتی بێژەکردنی پێوەری شوێنەناوەکان بەتایبەت لە لایەن دانیشتوانی ڕسەنی یاگەناوەکەوە و دیاریکردنی شوێنی ئەو ناوە لە سەر زەوی و ئەگەر دەرفەت هەبێ لە سەر نەخشەی سەرهێڵی گوگڵ.

**دوهەم:** تۆمارکردنی زانیاری لە سەر شوێنی جۆگرافیای شوێنەناوەکان و تایبەتمەندی سروشتی ئەو شوێنانە و پۆلێن-کردنیان بە سەر دە جۆر ماک یان ناوەڕۆکی پێکهاتەی وشەناوەکان لە ڕوانگەی واتایی و ... .

**سێهەم:** دەرخستنی پێشینەی ئەو ناوچانە کە هەڵگری شوێنەناوەکانن و بەڵگەمەندکردنیان بە یارمەتی سەرچاوەی نوسراو لە کتێب و بەڵگە و گرێبەستە مێژووییەکاندا.

**چوارەم:** شیکاریکردن جێگەناوەکان لە وێنگای ڕەوتی دیرۆکی  گۆڕانی زمان لە قۆناخەکانی زمانی کوردیدا بەپێی زمانەوانی مێژوویەوە. لەیرەدا باس لە پۆلێن کردن و گروپبەندی شوێنەناوەکان لە وێنگا و ڕوانگەی زمانەوانیی یان ڕێکتر بڵێین لە ڕوانگەی ڕێساکانی وشەڕۆنان و وشەسازی و ڕیشەناسییەوە دەکرێت. بەم جۆرە، بە شوێنگرتنی ئەم ڕێڕەوانە ئەتونین وڵامی ئەو پرسیارانەی کە پێشتر باس کران بدەینەوە کە کێ ئەم ناوەی پێوەناوە؟ کەی؟ بۆچی؟ چە واتایەکی هەیە؟ لەکوێدایە؟ و لە کوێوە هاتوە؟ ناوی پێشوی چ بووە؟  و بۆ گۆڕاوە؟

له یەکەم هەنگاودا شوێنەناوەکانی نێو دیوانی میرزا ئەحمەدمان دەرهێنا و چۆنیەتی بێژەکردنی پێوەری شوێنەناوەکان بەتایبەت لە لایەن دانیشتوانی ڕسەنی یاگەناوەکانەوە نووسا کە بە ڕیزدانانی سەرناوی شیعرەکان لە دیوانەکەیدا لە پێڕستی پاشەڕۆکی ئەم وتارەدا دەخرێنە بەرچاو[1]. هەروەها کە لە پاشەڕۆکدا بە دی دەکرێت بەڕێزیان نزیکەی ١١٠٠جار لە شوێنەناوەکان لە شیعرەکانیدا بەجوانی و بە پسپۆڕی وێژەیی لە ئاستێکی زۆر بەرزی ئەدەبیدا کەڵکی وەرگرتوە. بەڵام، وەک تێبینیەک ئەبێ بێژین کە شاعیری بەڕێز ناوی هەندێکی زۆر کەم لە شوێنەناوەکانی وەکوو خۆی واتە وەکوو بێژەی ڕەسەنی خەڵکی ئەوشوێنانە نەهێناوە و لە ناوە فارسییەکان کە هەتاکوو ئێستا سەدساڵ نابن کە بە سەر ناوی گوند و شارەکاندا سەپاوەن لە شیعرەکانیدا کەڵکی وەرگرتوە. هەرچەن ژمارەی ئەم ناوانە وەکوو ناوی خوش‌مەکان لە باتی ناوخۆشگان و ... زۆر کەمن و زۆر بەرچاو ناکەون. بەگەشتێکی خێرا بەم پێڕستەدا بۆمان دەردەکەوێت کە زۆربەی دیارکەوتنی شوێنەناوەکان لە دیوانی میرزا ئەحمەد لە جۆرە شیعرەکانی شەماڵنامەکان و مەرسییەنامەکاندا و بەتایبەت لە شیعری جەنگی هەڵاڵەزەددا دەنگ و ڕەنگیان داوەتەوە.

لە هەنگاوی دووهەمدا زانیاریمان لە سەر شوێنی جوگرافیای شوێنەناوەکان و تایبەتمەندی سروشتی ئەو شوێنانە گلێر و تۆمار کردەوە و هاتین تەواوی شوێنەناوەکانمان بەپێی ناوەڕۆکی پێکهاتەی وشەناوەکان لە ڕوانگەی ڕێساکانی زانستی وشەسازی و وشەڕۆنان و واتاناسیەوە بە سەر نۆ لایەن یان دە جۆر شوێنەناودا دابەش کرد. هەندێ شرۆڤە لە سەر ئەم نۆ جۆرە شوێنەناوی جیاوازە پێویستە و دەبێ لەیرەدا پێشکەش بکرێت. ١. **بووم-شوێنەناوەکان:** لە ناوی بەرزی و نزمی و پانتایی و مەودای زەوی پێک دێن، ٢. **ئێل و هێز-شوێنەناوەکان:** لە ناوی وڵات و ئێل و هۆز و خێڵ و تایفە و تیرە و بنەماڵەکان بە تایبەتی ئێڵ و نەتەوە دەسەڵاتدار و بەهێزەکانی مێژوو چێ دەبن ، ٣. **ژین-شوێنەناوەکان:** ئەو ناوە جوگرافییانە کە لە ناوی ئاژەڵ و پەلەوەرەکان بەدی دێن، ٤. **گیا-شوێنەناوەکان:** لە ناوی گیاکان و دارەکان و بەگشتی لە کاوی ڕەوەکەکان ساز دەکرێن ، ٥. **بیرەوەری و کەس-شوێنەناوەکان:** لە ناوی کەس و کەسایەتیەکان وەک دامەزنێری شوینێک یان کەسایەتیەکی گەورەی ئەو شوێنە دەگیرێن یان بە یادی هەبوونی پێگە و جێگە و ئێستگەیەکی گرنگ لە ژیانی خەڵکدا ناونراون، ٦. **ئاو-شوێنەناوەکان:** لە ناوی زریا و چەم و کانی و گۆم و دەراو و کارێز و ... وەردەگیرێن، ٧. **ئاسمان و ئوستورە شوێنەناوەکان:** لە ناوی دیاردە ئاسمانییە ڕاستی یان مەجازییەکانەوە سەرچاوەیان دەگرن یان لە سەر ناوی کەسایەتییە ئوستورەیی و هەرە بەناوبانگەکانن ناودەنرێن ، ٨. **ئایین-شوێنەناوەکان:** لە وشە و چەمکە ئایینی و پیرۆزەکان پێک دێن، ٩. **گەڕۆک(کۆچ)-شوێنەناوەکان:** بە هۆی کۆچی خەڵکی ناوچەیەک بۆ ناوچەیەکی تر ناوی ئەو شوێنەناوەی پێشووە بۆ ئەم جێگای تازە گوازراوەتەوە، (ئەحەدیان و بەختیاری، ١٣٨٨).

هەروەها کە لە پێڕستی پاشەڕۆکدا دەردەکەوێت میرزا ئەحمەد بەپێی ناوەڕۆکی پێکهاتەی شوێنەناوەکان بەم ڕێژانەی خوارەوە لە جۆر و بەشە جیاوازەکانی شوێنەناو بە ڕێژەی خوارەوە کەڵکی وەرگرتوە. بەڕێزیان ٣٣٠ جار لە بووم-شوێنەناوەکان، ٢٤٢ جار لەئێل و هێز-شوێنەناوەکان، ١٠١ جار لە ژین-شوێنەناوەکان، ٦١ جار لە گیا-

شوێنەناوەکان، ١٠٢ جار لە بیرەوەری و کەس-شوێنەناوەکان، ١٨٢ جار لە ئاو-شوێنەناوەکان، ٢٦ جار لە ئاسمان و ئوستورە شوێنەناوەکان، ٣٨ جار لە ئایین-شوێنەناوەکان و ٢٥ جار لە گەڕۆک و ماوە-شوێنەناوەکانی لە دیوانەکەیدا بەم جۆرە بەکار هێناوە.

**بووم-شوێنەناوەکان:** ئێران٣٧، پشت بەدەنە، کۆسفید، بێستوون٤، ئەشکەفت، هەژدەر، قەڵوەز، قەرەسوو، دوجەیل٧، ساراوەن٥، دەماوەن٤، بیجاڕ٣، بەمۆ، ڕێزە، تاریکە، ئەزگڵە٣، بانەڎار، کۆیڵە، چەمەنزار، کۆیڵە، ساراڵ٢، هەرەگاڵ، (ناوەڵ) نەوەل، شەشۆڵ، هەفتکەش، سیاتایەر، دەشتی لەیل، سێ تەپان٢، سەرقەڵا، سەرتیل، نقارەکۆ، قزڵ قەڵا، کۆی کەواسور، حەسار سفید، تاقەڕەش، شینکۆ، خرەسفید، ساناو، حەوشەزەرد، سێخران، ناوملان، تورکەپان، جەهان، مرواری، حەسار سفی، زێران٢، سارال، نشور، تا، چالی، سەرتختە، زەڕنە، گورگان، لۆن٤، شایەنی، دێ سوور، هەرەزەری، قڵاچۆڵان، هەسارەچەرمە، بانە٨، وشکەرو، بەرزە(چنار)٢، بەرزە دەماخ٢، بەرزەڵنگ، تیمچە، دەرتاپی، قاڵیچە، تاران٢٥، سەردەشت٤، مسکۆ٢، مووریس، لەندەن، ئوورووپا، مەریوان٥، جڵوگیرە، قولەنگبڕ، مەڵایەر، سەحنە، هەمەدان٢، شەهرەبانی، قولهەک، تەجریش، شەمێران، کەمێز٢، سەرنوێ، ئارەنان٣، تێژتێژ، تاڵەبەران، خانەقین، کەلار، هەولێر، بەسرە، بەغدا٣، شارەزوور، موسڵ، کەرکووک٢، هەڵەبجە٢، سۆسەکان، شۆشمێ٢، کوڕەمیان، دشە٥، شوانکارە، بەغداد، ئێراق٢، دێواڵە، پێنجوێن، نەوسوود٧، لۆن٤، زەڕنە، کاشتەر٢، هێڵەوڕ٢، کوورەخانە، توور٩، سەڵم، زلان٤، دێتوێ، بێوڵە، دێسوور، شمشێر٣، ، زەردۆیی، نۆسمە، دەرموور، نۆریاو٢، کێمنە، نروی، داریان٣، شەڕەکان٢، وڕا٣، تەشار٣، نۆدشە٢، وەرمەهەنگ، کمشور، دینەوەر، کەمەس، کەنوولە، سوڕنی، نشوور، جەیحوون، قەیتول ٣، زەنجان، ساناو، تەبریز، ئینگلیس٣، کەماڵە، پاگە٣، زینان، هێلەوڕ، جەماڵ، شاخ شکێن، ئەشکەفت٢، بێستوون٢، گریوە، پاوە٢٤، هەوڵی٥، بیمیری، زاوەڵی٢، سەرتەک

**ئێل و هێز-شوێنەناوەکان:** ڕۆم، هند، چین٥، کرماشان١١، بلوچ، کوردستان٣٠، گوڵباخی٤، شەرویێنە، گاوەرۆ، دەشتی(ە)وڕ٦، خانەشور، قەیتول، سنجابی ٤، ئەرمەن(ی)، ماکوان٣، بەنی گەز٢، ما(ە)ی(ی)ەشت٢، مەنمی و گوڵباغی، سەقز، ئەڵک٢، سەیالی، بەلوچ، چەنانی، شەورەوی٣، ڕووس٥، ئەمریکا٣ ، ئێران٣٧، بریتانیا٢، ئاڵمان٢، ئەڵمان نازی، کەڵهوڕ١٠، سنجابی٧، کوردسانی، ئەردەڵان٤، لوڕ، ئێل عەمەڵە، باشۆکی، دووڕۆیی، هەجیجی، مازەرد، ناڵەشکێنە، یەڵەوڕ، سونقر، کولیایی٢، کڵاش٢، مەنسوورئاقایی، ئیمامی٢، ئێناخی٢، گراڵ، بەلەبزان٤، هیروێ٢، گەرووس، خۆشخانی، وەڵەدبەیگی جاف، جوانرۆ٢٩، گێڵان٢، خاوشیان، هووکەڵ، باوەجانی٢، میرکی٢، قەڵخانی، گۆران٦، لوڕستان٢، بەلووچ، دەوان، باینگان، ساتیاری، مەزیدی، گەشکی٥

**ژین-شوێنەناوەکان:** گاچاڵ، گاڕێ، حەسەنگایەر، کەنە، ڕشکەپێ، میکان، مینگە، داڵەهۆ٤، باڎمسان، زێران٢، هۆلهۆل، ئەشکێ، گاقڕان، دەرا٣، ساراوەن٧، سوورکەوڵ٣، سان قەڵاگا، باخەکۆن٣، تەپەقەوی، سوورسووری، شاوە ٢٤، تەنگی خاو، چواردۆڵان، تەنگی بەر، بانی کۆشک، شاوەی شنیدەر، بەرزەچنار، گورگان، کۆمەدەرە،

سازان، قەڵا، قەیەون، کۆڵان، قەڵوەز٥، دێزگەران، خەران، کەڵ سفید، سەرچی٢، نەواکوو، پشت دەرە،، گاسەر، مازەرد٢، گاچاڵ٤، کرن٣، شوای١.

**گیا-شوێنەناوەکان:** دامنەباخ، لولووپەڕ، نیلوفەر، قەلاش، بانی‌نار، باغەنەمامە، شەش بید، قەرەچیمەن، چنار، هەرەتوو، سەرچی، چەمەرگە، شەوەر، باخەنمام، گوڵ‌کی، دەرەنیشە، وەزەپوچ، وشکەناو، باخی‌نی، هەسیرەگوڵان، ملە براووک ، قازیان، ڕازیان، کەڵاتەرزان، کەماجاڕ، گوڵپ، بەڵخە٤، داروەسەر، مەنمی٤، هەڵاڵە زەرد، بێڵەوار٣، بەرزەچنار٢، بیجار، بنجۆ، سماق، چنار٧، ڕزڵان سەر، ڕەزین، ملەبراڵوک، کانی کەڵ٢.

**بیرەوەری و کەس-شوێنەناوەکان:** پیرمیکائیل، شاهۆ٢٤، فەیزئاوا، مەلامیرانی، بەرزە دەماخ، دێکەی ئەمین، مەحموود ئاوا، محەمەد، تەنگی‌نورەسوور، کەمالە، سەنجەر، سەلەکان، فانوس، پیرخزر، خان‌ئەحمەد، وەلەدبەیگ، ئامانییە، عەزامییە، تووس، کەربەلا٣، سیلو، سەرئاسیا، سێ ڕای پەهلەوی، تاقۆسان٣، شەش بەهمەن، خسروئاوا، موبارەک ئاباد، فەرەجە، خان ئەحمەدخانی، هەوار سەردار ئەکرەم، باوەجانی٢، توون، تەوەس، میرحەمزەی عەرەو، چەنگیزقەڵا، قزڵ قەڵا، چەنگیز قەڵا، تەنگی‌نورەسوور، سەنجەر، تەختی‌زە نگی، پیرخزر، سیدوەفا، مەلا میرانی، سەفی‌ئاوا، عەزیم‌کوژیاگ، لنینگراد، قلیج خانی، سەعدئاباد، شاهێنی، قوبادی٢، دایچی٢، سەردەشت، پەهلەوی٤، مسکین ئاباد، شاگودار٢، مینگەی ئیمام، ملەی مەلا موستەفا، تایفەی ئەحمەد کەیانی، دووریسان، سلێمانی، شاگودار٣، حاجی خان، پوێنە، بالوول.

**ئاو-شوێنەناوەکان:** ڕوانسەر٤٠، گەرمەخانی٣، کانی کورە، چەشمە کۆرە، کانی خەیران، سەراو، پەڕاو٨، خوڕێڵە، خوڕێن، چاڵاو، ئاویەر٣٤، ڕێزە٨، زیکە٢، چەمەنزار، گەڕاو، کانی‌کەڵەک، کانی خەسرەو، ڕوان، نۆخان، ناراو، سەراوگەزەنە، سەراوشیان، لووشە، سەراو قەڵا، کانی پلورە، قەرەچەم، کانی‌شەفا، دۆڵاو، وشکەرو، بەورەوار، شەتی-نور، کانی گولیجی، سەراوهەوڵی٤، سیروان٣، چاوگ، چاوگە، چەشمە کەچەنە، هانی‌با، نمراو، سەراوقەمر، هەسێرەگوڵان، ماراوی، بێڵەیی٢، بێڵەوار٣، مەریوان ٥، هەڵانی٣، چەمچەمال، دەربەند دزڵی، ئاوسفید، زەڵم، گولیجی٣، چشمەسفید٢، چاڵاوە٤، ماراو، پێڵاوی، زلتە٢، دووئاو٢، هانەگەرمەڵە٢، کارێز٢، دۆڵاو، کانی خەیران٢، جاوری، وەفرەچاڵ، خوڕین، خوڕێڵە٣، ئەماراو، کانی حەسەر.

**ئاسمان و ئوستورە-شوێنەناوەکان:** هفت ئەفلاک، حمله العرش، دارالمنتهی، کۆی توور٧، کێسرا، قولەی (قولەی) قاف٦، دوجەیل٧، خوەتەن، سەحرای هاموون.

**ئایین-شوێنەناوەکان:** حجرالاسود، پیرمیکائیل، کەربەلا٣، یادگار، باڵوڵ، چل‌یاران، بارگای شێخ ڕەسوڵ، ئاتەشگاە، شێخ عەبدالقادر، بارەگەی باڵوڵ، داری‌توبا، کێل‌سولتان، چل‌یاران، سولتان ساق٢، شێخان٤، نەجەف ئەشرەف، نجاڕ٢، چل‌یاران٢، قاف٧، کەوسەر٥.

**گەڕۆک(کۆچ)-شوێنەناوەکان:** جوانڕۆ، **قشڵاخ٥، شوانکارە٢، گەشکی٥، بازان٣،** سەریاس٤، هەوارگەی قشلاخ/کرن، داڵانی، لەیلاخ، هەڵانی٣.

سەرەڕای ئەمە، بەو هۆیەوە کە ناکرێت لەیرەدا لە سەر هەموو یاگەناوەکانن شیکاری بکەین چوونکە زۆر بەربڵاون و لە توانای یەک وتاردا نین و هەڵگری یەک کتێب دەبن. بە هۆیەوە دێین و لەسەر بیست گلە لە بەرفرەترین و گرینترین شوێنەناوەکانی ناوچەی کرماشان و کوردستان لێکۆڵین و شیکاری دەکەین کە زۆرتر بەرچاوی شاعیر کەوتوون واتە ئەو بە بەرفرەی لێیان کەڵکی وەرگرتووە و لە دیوانەکەیدا زەقن و ئەتوانین بێژین بە پێی زانستی توێژینەوەی گوتاری ڕەخنەیی لە بۆچوون و ڕامان و هزری ئەودا سەرەکیترین گرینگی و زەقییان لە ڕوداوەکانی نێو شیعرەکانیدا هەبوە. لەسەر ئەم بنەمایە بیست گلە لەو شوێنەناوانە کە بە پێی ئامار دەرمان هاوردوون و بە بانتریین ڕێژە هەر لە سەرەوە تاکوو خوار لە دیوانەکەدا کەڵکیان لێ وەرگیراوە بە پێی شێوازی زانستی توێژینەوەی یاگەناوەکان شیکاری و باس دەکەین.

ئەو بە زۆرترین ڕێژە لەم شوێنەناوانە کەڵکی وەرگرتوە کە هەرکام لەمانە هەگری چەمکی و هێمایەکی تایبەت و مێژووی و سروشتی یان ئائینی بۆ ناچەکەن و لەیرەدا هەموویان ڕیز دەکەین بەڵام ئەوانەی کە لە دەروەی کوردستان بە گشتین وەکوو ئێران و تاران و دوجەیل و توور و هەروەها ناوی ئێلەکان لە توێژینەوەکانی دواتردا دەردەخەین و لە بەرچاویان ناگرین چوونکە لە جێگانێکی تر زۆرتر و بە وردی دراونەتە بەر باس و لێکۆڵین ؛ بەم جۆرە لەیرەدا دەرفەتی زۆرترمان دەست دەکەوێت کە باشتر و وردتر شوێنەناوەکانی ناوچەی ژیانی شاعیر پێناسەی زانستی بکەین: **١.** ڕوانسەر ٤٠ جار (گەرمەخانی ٣ جار)، **٢.** (ئێران ٣٧ جار)، **٣.** ئاویەر ٣٤ جار، **٤.** جوانڕۆ ٢٩ جار (هەڵانی ٣ جار)، **٥.** کوردستان ٣٠ جار بە شێوازی کوردستان، کوردسان و کورسان، **٦.** (تاران ٢٥)، **٧.** پاوە ٢٤ جار، **٨.** شاهۆ بە شێوازی شاوە، شاهۆ و شاوەکۆ ٢٤ جار ، **٩.** کرماشان ١١ جار، **١٠.** کەلهوڕ واتە ئێل و ناوچەی کەلهوڕ ١٠ جار ، ١١. ڕێزە ٨ جار، ١٢. پەڕاو ٨ جار، ١٣. (قەسری قەجەر ٨ جار) ، ١٤.بانە ٧ جار، ١٥. (دوجەیل ٧ جار)، ١٦. (کۆی توور ٧ جار) ، ١٧. نەوسوو٧ جار، ١٨. دەشتیوڕ ٦ جار، ١٩. ((قولەی) قاف ٦ جار)، ٢٠. (چین ٥ جار)، ٢١. ساراوەن ٥ جار، ٢٢.مەریوان ٥ جار، ٢٣. (قشڵاخ ٥ جار بە دوو واتای گوند و کوێستان و هەورگە)، ٢٤. (دەماوەن ٤ جار)، ٢٥. هەورامان ٤ جار، ٢٦. جاف واتە ئێل و ناوچەی جافەکان ٤ جار، ٢٧. گوڵباخی واتە ئێل و ناوچەی گڵباخی ٤ جار، ٢٨. سنجابی واتە ئێل و ناچەی سنجاوی ٤ جار، ٢٩. بێستوون ٤ جار، ٣٠. داڵاهۆ ٤ جار، ٣١.لۆن، ٤ جار، ٣٢. ئەزگڵە ٤ جار، ٣٣. سەردەشت ، ٣٤. سەریاس ٤جار، ٣٥. (گەشکی٥ جار)، ٣٦. مینگەی ئیمام ٣ جار، ٣٧. تاقۆسان ٣ جار، ٣٨. بازان ٣ جار ، ٣٩. گەرمەخانی ٣ جار ، ٤٠. بیجاڕ ٣ جار و ... لە شیعرەکانییدا کەڵکی وەرگرتوە.

لە قۆناخی سێهەمدا بە بەراورد لەگەڵ دەرفت و کاتی ئەم وتارە پێشینەی هەندێ لەو ناوچانە دەردەخەین کە هەڵگری ئەم شوێنەناوانە بە مەرجێک کە ناوی ئەم شوێنەناوانە لە سەرچاوەکاندا هەبێ و ئێمە بیاندۆزینەوە. ئاوەها، بە یارمەتی سەرچاوەی نوسراو وەکوو کتێب و بەڵگە و گرێبەستە مێژوویەکان چەن شوێنەناوی سەرەکی ئەم دیوانە بە کوورتی بەڵگەمەند دەکەین. ئەگەر ناوچەکانی دەرەوەی کوردستانی و هەروەها ناو یان ناوچەی ئێل و تایفەکانی ئەم ناوچەیە واتە جاف، کەلهوڕ، گوڵباخی و سنجاوی و تایفەی گەشکی و بازانی سەر بە ئێلی جافی و ... لێ دەرکەین (چوونکە لە هەندێ شوێندا مەبەستی شاعیر ناوی ئێلەکە یان تایفەکە خۆی بووە نەک شوێنەناوی ئەو ئێلە یان تایفە)، بەرفرەترین شوێنەناوەکانی ناو دیوانەکەی میرزا ئەحمەدی داواشی بە پێی ڕیزبەندی ئەلفبێ ئەمانەن: ١. ڕوانسەر ٢. ئاویەر ٣. جوانڕۆ ٤. کوردستان ٥. پاوە ٦. شاوە ٧. کرماشان ٨. ڕێزە ٩. پەڕاو ١٠. بانە ١١.نەوسوو ١٢. دەشتیوڕ ١٣. ساراوەن ١٤. مەریوان ١٥. هەورامان ١٦. بێستوون ١٧. داڵاهۆ ١٨. لۆن ١٩. تاقۆسان، ٢٠. ئەزگڵە.

**١.ڕوانسەر:** ئێستا ناوی شارێکە کە ناوەندی شارستانێکە هەر بەو ناوە و **ڕوانسەر بە** دەروازەی ناوچەی هەورامان ناسراوە. ڕوانسەر بۆ یەکەم جار لە کتێبی شەرەفنامەدا لە لایەن بدلیسییەوە (١٢٧٦ڕ) وەکوو یەکێ لە شوێنەکانی ژێر چاودێری دەسەڵاتدارانی دەرەتەنگ ناوی هاتووە (شەرەفنامە). لە کاتی دەسەڵاتی ئاشوورەکاندا ناوی نیکور بووە (کاڵمەیر، ١٩٧٨). دواتر لە سەرچاوەکانی کاتی دەسەڵاتداری ئەردەڵانەکاندا زۆر ناوی هاتووە. بەتایبەت لە کاتی شەڕی هەڵاڵە زەردا بەرفرە ناوی هاتووە. محەمەد عەلیخانی ئەردەڵان (١٣١٢ ک) لە گەشتنامەکەیدا بۆ بلووک و ناوچەی جوانڕۆ ناوی گوند و سەراو و تاقی ڕوانسەری هێناوە و زۆر تاریفی ئەو شوێنە دەکات (ل ٢٨). چوونکە سەراوی گەرمەخانی کە سەرچاوەی چۆمی قەرەسوو(خورەسوو) لەوێدایە بە ڕوانسەر بەناوبانگە واتە وشەیەکی لێکدراوە لە سێ واچی ڕوو و وان و سەر پێک دێت ڕوو واتای ڕووەوە کە بە بێژەی جافی واتە بەرەو و بەربە دەدات کە دوایش کورتکراوە بۆ ڕوو. وان کورتکراوەی "ئاوان"ە و سەریش واتای سەرچاوە دەدات واتە پێشوەچوون بەرەو سەرچاوەی ئاوەکانی ئەو ناوچەیە واتە ئاوەکانی خۆرەسوو و...

**٢. ئاویەر** (ئابیدەر): ناوی کێوێکی بەرزە لە ڕۆژئاوای شاری سنەدا کە بە هۆی کەش و هەوای باش و سەوزەڵانی ئەو شوێنە، بووەتە سەیرانگای خەڵکی سنە و دەور و پشتی. بە وتەی عەرەبشاهی (١٣٦٣) زەردەشت دوو جار سەردانی ئاویەری کردوە و ناوی لە زامیار یەشتی ئەوێستادا هاوەردوە (ل ١٦). ناویی ئاویەری هەر بەم جۆرە لە دیوانەکەی مامۆستا مەولەوی و لە لاپەڕەی ٤٩٣دا هاتووە. هەروەهاله لە وەقایع نگاری کوردستانی (١٣٨٤) ناوی وەکوو یەکێ لە کەژەکانی کوردستان هێناوە و وتوویە زۆر بەسوودە چوونکە ئاوی چەندی ئاش ئەدا و بەردی ماڵەکانی سنەش کە تا ئەو کاتە ٢٦٣ ساڵ دەبێت چێ بووە لەو چیایە دەردێت و سەری نووسەریش بە ئەمە سووڕ ماوە کەچی جێگەی دەرهاتنی ئەم هەموو بەردە بە ئاویەرەوە هەر دیار نییە (ل ٧٣). دەتوانین بڵێین ئەم وشەیە بە واتای دەراوی ئاوەکانە.

**٣.جوانڕۆ:** ئێستا گەورەترین شاری ناوچەی هەورامانی سەر بە پارێزگای کرماشانە و بە ناوەندی ئێلی گەورەی جافان ناسراوە. عەلی‌نیا (١٣٩٦) دەڵێت بە ئەگەری زۆر جوانڕۆ (هەڵانی) شاری کاسی ئاتیلیل بە واتی زۆر جوان بووە. مستوفی (٧٥٠ ک) ناوی هەڵانی هاوردووە. دواتریش بە وتەی بدلیسی (١٢٧٦ ڕ) وەکوو ڕوانسەر یەکێ لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی دەرەتەنگیان بووە. اعتماد السلطنه لە مرئاتوالبلداندا (١٣٦٧) گوتویە شارۆچکەیەکی بەناوبانگە لە کوردستاندا و هەوای خاوێن و ئاوی ڕەوانی هەیە و بەرهەمی دەغڵ و دانە و دیمەن و چیمەنی جوان و نێچیرگای زۆری هەیە (ل ١٥٩ و ١٦٠). لە مرئاتوالبولداندا هاتووە ئەمانوڵاخانی گەورەی ئەردەڵان قەڵای جوانڕۆی کە هەر قەڵای پێ دەڵێن لە ساڵی ١٢٢٤کۆچیدا ساز کردوە. لە هەندێ بەڵگەی تردا هاتووە کە سەفی‌خان سولتانی میرزیائەدینی ئاوەدانی کردووەتەوە. ئەم شوێنەناوە بە مانای ڕێگا و ڕێڕەوی جافە ڕەوەندەکانە.

**٤.کوردستان:** شەمس (٢٠٢٢,٩,٢) لە کاناڵی تلگرامی کوردستان‌نامەدا دەڵێت پێشتر لەوەی ناوی کوردستان لە لایەن حەمدوڵای مستەوفییەوە لە نزهەتولقلوبدا بێت لە لایەن مارکۆپلۆ، ڕەشیدەدین فەزلوڵا و نەخشەبییەوە هاتووە. سەرەڕای ئەمە، ئەو دەڵێ ناوی کوردستان بۆ یەکەم جار لە لایەن ابولحەسەن عەلی بن ئەحمەد نەسەوییەوە لە ساڵی ٤٤٩ کۆچی واتە لە سەدەی پێنجی کۆچییەوە لە کتێبی بازنامەدا هاتووە. **سنە** ناوەندی پارێزگای کوردستانە کە زۆر جار مەبەستی مامۆستا ئەحمەد لە کۆرسان هەر هامان سنە بووە کە پێشتر ناوی گوندێک بووە بە ناوی سینە بە واتای سێنگ یان سان دێت کە دواتر دژێکی پێ زیاد کراوە. وشەی سنە ناوێکی گەورە و پیرۆزە و لە زمانی ئەوەستایی کۆندا سنە بە مانای سەقرەیە. کاتێ سولەیمان خانی ئەردەڵان هەوڵی درووستکردنی شاری سنەی دا، لە نزیکی ئەو شوێنەدا گوندێک هەبوو بە ناوی «سینە» کە دواتر شارەکە هەر بەو ناو و سنە ناونرا. ژاک دمورگان بە سنە ناوی دەبات. وەهابێ سنەدژ واتای دژێ کە لە سێنگی کێودا یان دژی جێگای سانەکان دەدات. ئەولیا چەلەبی (١٠٥٦-١٠٧٧/ ١٦٤٦-١٦٦٧) دەڵێ ئەمیر غیاث الدین کە ئەوکات دەسەڵاتداری سنە بووە ئەو شارەی لە ساڵی ١٢٤٩ ز/٦٤٧ کۆچیدس ساز کردوە. سەرچاوەکانی دواتر ئاماژە دەکەن کە سلێمان خانی ئەردەڵان لە ساڵی ١٠٤٦ سەر لەنوێ ئاوەدانی کردوەتەوە. جێگەناوی کوردستان بە واتای شوێنی کوردانە.

**٥.پاوە:** ئێستا بە جۆرێک ناوەندی ناوچەی هەورامان بە چوار شارستانەوە لە پارێزگای کرماشاندا دەناسرێت. مردوخ (١٣٥١) دەڵێت لە ناوی پاو سەرداری گەورەی یەزگردی سێهەم گیراوە کە زۆر پێداگری لەم ناوچە لە بەرانبەر سپای ئیسلامدا کرد (ج ١، ص ٧٦ـ١١٦). دواتریش بە وتەی بدلیسی (١٢٧٦ ڕ) ناوچە و قڵای پاوە وەکوو ڕوانسەر و پاسکە و هەڵانی و ... یەکێ لە ناوچەکانی ژێر ڕکێفی دەسەڵاتدارانی دەرەتەنگ بووە. پاوە ناوەندی هەورامانی لهۆنی باشور بووە. لە هەورامیدا پا واتای پێ دەدات واتە شوێنی خۆڕاگری و پێداگری لە خاک و ئاو. زۆر بەڵگە و گرێبەست و کتێبی دەستنووس هەیە کە پێشتر لە چوار سەدەی ڕابردوو هەتا ماوەی سەد ساڵ پێش ناوی پاوەی تێدا هاتووە.

**٦.شاوه (شاهۆ):** زنجیره چیایەکە لە دەڤەری ڕوانسەر تا گوندی هەجێج. ساڵحی (١٣٩٧) شاوه بێژەی ڕاستی سەر زاری خەڵکی ناوچەکەیە و ئەڵێن پێشتر ناوی گەنجۆیە بووه هەتاکوو ئەو کاتەی کە سیدمحمد زاهد دەچێت و لەوێ نیشتە جێ دەبێت و کەرامەت ئەنوێنێ و دەسەڵاتداری ئەو کاتەی ناوچەکە بە ناوی ئەمیر مقرەبەدین دێت بزانێت ڕاستە و ئەو دەخاتە ناو ئاگرەکەوە کە چی ناسووتێ و بەسڵامەت دێتە دەرەوە و ئیتر ئەو ئەبێ بە پێرخزر و ئەمیر بە ئەو دەڵێ شاه ئەوە کە دواتر لە ئاکامی سوان بووه بە شاوه.

**٧.کرماشان:** دەڵێن گەورەترین شاری کوردنشینە. مستەوفی (٧٥٠) ناوی کرماشانی بە شێوازی قەرمەسین هێناوه. هەروەها، لە ئیبن خردادبە (٢٣٠-٢٣٢) ناوی بە دی دەکرێت. حمزه اصفهانی ناوی شوینە گرینگەکانی قەسر هەتا قرمەسینی (ل ٢٤) تێدایە. ئەفسانەکان دەڵێن کە تەهمورس دێوبەند پادشای ئەفسانەیی پێشدادیان کرماشانی ساز کردوه. دیاکونوف (١٣٤٥) ناوی لە کۆنترین شێوازی خۆیدا لە کاتی دەسەڵاتی سکایەکان ئەلیپی (نیسابی) بووه. گوتشمید (١٣٦١) دەڵێت کە لە کاتی دەسەڵاتداری سلوکیەکانیشدا ناوی کامبادنە بووه و ساترابی پێنجمی ناوچەکانی خواری دوڵەتی مەقدونی بووه. فرنبغ (١٣٨٥) دەبێژێت کە لە کاتی دەسەڵاتی ساسانیەکانیشدا گەشەی سەندوه و ناوی بووه بە گِلمینشِن glmynš'n (ل ٧٣ و ١٧٣). ئەوەش لەناو خەڵکدا باوه دەڵێن کە بارامی چوارەمی ساسانی پادشای شاری کرمان بووه و هاتووه بۆ ئەم شوێنە و ئەو ناوی کرمانشاه بە نازناوی خۆییەوە بەو جێگەدا ناوه (لغتنامه دهخدا و سیلک باکیینگهام جەیمز،١٨٣٠، ل ٢٣٥). دوای ئیسلام ناوی بووه بە قورمەسین (نجیب بکران، ٦٠٥). سەرەڕای ئەمانە، موکری (٢٠١٤) و هەژار (١٣٦٩) ئەڵێن کە وشەی کرماشان لە کرمانج شار یان شوێنی کرمانجانەوه وەر گیراوه.

**٨.ڕێزه:** بە گوتەی مەردۆخ (١٣٥١) ڕێزه جێگەیەکە کە ڕێخی زۆره. کانی ڕێزه کانییەکی شیفادەر و چاککەرەویە بۆ نەخۆشینانی گورچیلە و بۆ ناوبرنی بەردی گورچیلە زۆر بەکار دێت. ئەم کانییە لە ڕێگای شاری جوانڕۆ بۆ شارستانی سەلاسی باوەجانی لە ١٠ کیلۆمیتری شاری تازاوای سەلاس بوونی هەیە. ڕێزه کانیاوێکە لە کوێستانی "ساراوەن" کە بە ناو ڕێز و ڕێخێکی زۆر و سپیدا دەر دێت. ئاوێکی سارد و سووک و ڕوونی هەیە کە بە ئەزموون دەرکەوتووه ئەو ئاوه بۆ خاوێن کردنەوەی گورچیلە لە لم زۆر بە سوودە.

**٩.پەڕاو:** زنجیرەکوێستانێکی بەرز و ڕووت و بەردایە کە باکووری ڕۆژهەڵاتی کرماشان هەتاکوو باکوری ڕۆژئاوای ئەو شاره دەگرێتەوه. وشەیەی لێکدراوه کە لە پەڕ(ە) و ئاو پێک دێت. بۆیس (١٩٧٧) دەڵێ پەڕ(ە) لە زمانی پارتیدا بەواتای پاک یان پاک کردن دێت و ئاویش هەر هەمان ئاوه و واتاکەی بە گشتی ئەبێتە ئاوی پاکی (بۆیس، ل ٦٧). بی جی کوربین (١٣٩٩) دەڵێت پەڕاو هەمان کوێوی ماشو یان دوو لوتکەی ئەفسانەی گیلگیمشە (تابلۆی نۆهەم). ئوسترابۆنیش (١٣٨٢) لە کتێبی یازدەهمدا دبێژێت پارتەکان هەوارگە و ژینگەیان لە جێگایەک بووه بە ناوی

ئەخوس  و لەپاڵ چیایەک بە نێوی پەڕاو کۆ بونەتەوە . بە وتەی عەرەبشاهی (١٣٦٣) ناوی پەڕاو لە زامیاد یەشتی ئەوێستادا هاتووە (ل ١٦).

**١٠.بانە:** شارێکی جوانە لە ڕۆژئاوای پارێزگای  کوردستان. هراکوپس ئیمپراتوری ڕۆم لە ساڵی ٦٢٨ ز دوای ڕۆخانی شارەزوور لە قزڵجەوە هاتە بەڕەژاو کە مینوورسکی (ل ٢٢) دەڵێت بە بڕوای ڕاولینسوون ئەو شوێنەناوە گریوەی بانە بووە و دە ڕۆژ لەوێ ماوەتەوە چوونکە ناوە کوردییە دێرینەکەی بەڕۆژە واتە لە بەری خۆر یان بەرەو ڕۆژهەڵات بووە. تەوەکولی (١٣٥٤) باس لە دەستنووسێ دەکات بە ناوی سەوادولعەراق نووسراوەی واقدی (٧٤٧-٨٢٢ ز) کە باسیی داگیرکردنی بێ تەقەی بانە لەلایەن هێزی ئیسلامەوە و ڕووداوەکانی پاشانی دەکات (ل ٩٦). هەروەها ئەو باسی بەشداریکردنی سەردارێکی خەڵکی بانە بە ناوی ساروونبیرە لە شەڕی چاڵدوران لە ساڵی ٩٢٠ کۆچیدا دەکات (٩٦ و ٩٧). پاشان لە کاتی دەسەڵاتداری ئەردەڵانەکان زۆرکات بلووکێک بووە سەر بە ئەو دەسەڵاتە.

**١١. نەوسوو:** ناوی شارێکی جوان و خنجیلانەیە لە  باکووری ڕۆژئاوای پارێزگای کرماشان. ڕەبوو دولەفی یەنبوعی خەزرەجی (٣٤١ کم) جگە لە ناوهێنانی هەردوو شاری (نیم ئەز رای) و (پیر) لە دەڤەری شارەزوور باس لە ئاوەدانییەکی تر دەکات لەنێوان ئەو دوو شارەدا و بە دوزدان یان (دزان) ناوی دەهێنێت و مینۆرسکی ئەو شوێنە بە نەڤسود لە هەوراماندا دیاری دەکات کەچی هەندێکیش ئەڵین ئێستا ئەو شوێنەناوە بە قەڵای دوژانە لە هەورامی تەخت بەراورد دەکرێت.شەرەفنامە ناوی نەوسووی بە تەغەسوو هاوەردوە کە پێی دەچێ هەڵەی خۆی یان نووسەری دەستنووسەکان بێت. ئەو دەڵێت: "زەڵم، تەغەسوو (نەوسوو)، شەمیران (شەمێران لای هەڵەبجە)، هاوار (لای هەڵەبجە)، سێمان (شێخان؟)، ڕاودان (دەوان، دەودان لای جوانڕۆ) و گوڵعەنبەر (خورماڵ) بوون بە بەشی بەگەبەگ (ل ١٨٥)". نەوسوو بە شێوازی نەڤسود لە زۆربەی نووسراوە مێژووییکانی چەن سەدەی بگرتوودا هاتووە و ئیتر ناوەندی هەورامانی لهۆن و پێگەی دەسەڵاتی سانەکانی هەورامان بووە. دهخدا  دەنووسێت کە نەوسوو گوندێکی گەورەیە لە دێهستانی هەورامانی لهۆ ن ... و لە دەڤەری نەوسوو مەنەری قەڵای سەمووکەش ماوە.

**١٢. دەشتیورِ:** دەشتێکی پان و بەرینە کە لە نێوان چیا بەرزەکانی داڵاهۆ، ساراوەن، و بەمۆدا هەڵکەوتووە. تارق یارئەحمەدی (پێوەندی تاکەکەسی، زمسانی ١٤٠٢) بەڵگەیەکی بۆ ناردووم کە تێیدا ناوی دەشتیورِ وەکوو سەرحەدی عوسمانی و سەفەوی لە ساڵی ١١٠٨کۆچیدا هاتووە. ڕیچ (٢٠١٤) لە گەشتنامەکەیدا ناوی لە گەڵ  خانەشوور، دەشتی لەێڵ و زمکاندا هاوەردوە و بەوێدا لە سلێمانییەوە بەرەو سنە تێپەڕیوە. وەقایع نگاری کوردستانی (١٣٨٤) گوتوویە بەشێکە لە گۆران و تەنیا خاڵێکی سارایە لە لایەنی باکووریی چیای گەورەی داڵەهۆوە (٧٣). ئەو هەروەها لە لاپەڕەی ٢٩٠ دا دەڵێت تەواوی ئەم دەشتە ئاوەدانی تێدا نییە و پڕە لە دارستان. بەپێی گرێبەستێک لە سالی ١٣٣٩ خانی باوەجانی دەشتیوڕی لە خانی گۆران سەندووە.  ئێستا شاری تازەئاوای باوەجانی تێیدا ئاوەدان بووە کە پێشتر

ناوی تازەدێ بووە. ئەتوانین بڵێین بە هۆی هەبوونی نەتەوەی هووری لەم ناوچەیەی زاگروسە بە دەشتیوڕ بەناوبانگ بووە.

**١٣. ساراوەن:** کوێستانێکە لە نێوان جوانڕۆ و ناوچەی باوەجانی و وادیارە لە سەرەوە دەشتە واتە سارایە **و هەروەها کانی** پیرۆز و ڕێزداری ڕێزە لە داوێنی ئەم چیایەدا هەڵکەوتووە. بە وتەی عەرەبشاهی (١٣٦٣) زەردەشت ناوی چۆمی سیروانی لە زامیار یەشتی ئەوێستادا هاوەردوە کەچی من دەڵێم ئەو ناوە چیای ساراوەنە چوونکە لە زامیاد یەشتدا ناوی چیاکان هاتوون نەک ڕووبارەکان و هەم دیسانیش ڕواڵەتی ئەو شوێنەناوەی ئەوێستا زۆرتر لە سارەوەن دەچێت (ل ١٥). وەقایع نگار کوردستانی لە حەدیقەی ناسریدا (١٣٨٤) دەڵێت کە کاتێ کە لە دەشتیوڕەوە بەرەو تەختگا چوون لای ڕاستییان زنجیرە چیای ساراوەن بووە کە چیایەکی زۆرە گەورە و پڕ لە بەرف بووە و لای چەپیشیان چیای داڵەهۆ بووە (٢٦٥).

**١٤. مەریوان:** شارێکە کە لە دەشتێک بە هەر ئەم ناوە و لە نزیک گۆلی زرێوار هەڵکەوتووە و مێژووی سازبوونی زۆر کۆن نییە وادیارە یەکێ لە دەسەڵاتدارانی ئەردەلان لەوێدا قەسرێکی درووست کردوە و خەڵکی ناوچەکەی لە گوندی و کۆچەرەکانی تێدا نیشتەجێ کردووە. ناوی مەریوان لە زۆربەی کتێبە مێژووییەکانی چەن سەدەی ڕابردوودا یەکەم بە شێوازی مێهرەبان و ... و دواتر هەر بە ڕواڵەتی مەریوان هاتووە. ناوی لە زۆربەی کتێبە مێژووییەکانی چەن سەدەی دواییەدا هاتووە.

**١٥. هەورامان:** هەورامان (هۆرامان) ناوچەیەکی شاخاوی و تژی لە ئاوە کە دوا ی گرێبەستی زەهاو بوو بە دوو بەش لە ئەم دیو و ئەو دیوی سنوور. هەورامانی ڕۆژهەڵات لە پێنج بەشی لهۆن، تەخت (ئەم دوو هەورامانە ناوەندی دەسەڵاتی ناوچەیی بوون)، دزڵی، رزاو و ژاوەرۆ پێک دێت. ناوی هەورامان لە هەموو کتێبە مێژووییەکانی چەن سەدەی ڕابردوودا هاتووە. هەورامانی لهۆن کە نەوسووش بەشێکی بوو دواتر لە ساڵی ١٣٥٥ڕ بوو بە دوو بەشی باشوور (بە ناوەندی پاوە) و باکوور (بە ناوەندی نەوسوو). ئێستا بە هەڵەیەکی باو بە فەرمی بە ناوچەیەک دەوترێت کە هەڵگری شارستانەکانی پاوە، جوانڕۆ، ڕوانسەر و ناچەی سەلاسی باوەجانییە. لە کاتی دامەزراندنی سەفویشەوە ئیتر ناوچەی هەورامان بوو بە بەشێک لە ئەو دەسەڵاتە.هۆرامان بە واتای ناوچەی قەڵای سەخت، گۆرانی خۆش، هەڵ کەوتوو، هاتنی هەور، و هەڵ هاتنی گرێ هاتووە.

**١٦. بێستوون:** بێستوون بە ناوی چیای بەرزی ئەویینداری فەرهادەوە بۆ شیرین بووە بە ئەفسانە. بێستوون لە بنەڕەتدا بەغستون بووە کە لە بەغ بە واتای خودا و ستون بە واتای جێگا پێک دێت. کەتیبەیەکی کۆنی یەکێ لە شاکانی هەخامەنی واتە داریووش لە بنار و پێی ئەم چیادایە. ئەم بینا کە لاکێشە لە لایەني خۆرهەڵاتي-ڕۆژئاوایي لە باشووری کاروان سەرای سەفوی بیستوون و ڕووبەڕوی فەرهاد تراش، لە ژێر ڕێگای کۆنی هەمەدان-کرماشانە. ئەم بینایە لە دوو بەش پێکهاتووە : بەشي خۆرهەڵاتی لە ڕەهەندي ٨٠*٨٥ مەتر، پانتایي دیوارەکانی ٢/٤٠ مەترە . دەرگانەی ئەو

بینا له لاي خۆرهەڵاتە. بەشي ڕۆژئاوای بڕێ ٥٥*٤٤ مەترە، لە ڕێگای دەرگانەیێکەوە پێوەندی دەکات بە بەشی خۆرهەڵات. ئەم بەشە لە ڕاستیدا حەوشی خەڵوەتی بیناکەیە. ڕواڵەتی دیوارەکاني لە بلووکی بەردی تراشراوە و ناوی دیوارەکانی لە کۆتە بەرد و مەلاتی گەچ درووست کراوە. لە دەرەوەی دیوارەکانی ئەم بینایە بە مەودای دیاریکراو، پشتبەستی لاکێش بە درێژایی نێوانەي ٣/١٠ مەتر درووست کراوە. لەسەر بڕێک لەو بلووکی بەردیانە، نیشانەی بەردتراشانی سەردەمی ساسانی دەبینرێت. ناوی لە زۆربەی کتێبە مێژووەکاندا دەبینرێت.

**١٧. داڵاهۆ:** داڵەهۆ چیایەکە لە نێوان گاوارە و کرێند و سەلاسی باوەجانیدا. داڵاهۆ وشەیکی لێکدراوە و لە داڵ و هۆ بە واتای کۆ یان چیای داڵ پێک دێت. داڵاهۆ، جیا لەوەی ناوی کێوێکی بەرزی رۆژهەڵاتی کوردستانە، ناوی قەزایەکی سەر بە پارێزگای کرماشانیشە، کە وەکوو پایتەختی تەمبوور لە کوردستان و ئێران ناوی دەرکردووە. ئەم قەزایە یارسان نشینە و زیاترین تەمبوورژەن و وەستاکارە تەمبوورسازەکان لەوێ نیشتەجێن. وەقایع نگاری کوردستانی (١٣٨٤) لە چوار جێگەدا ناوی وەکوو کێوێکی گەورە هاوەردوە .

**١٨. لۆن:** لۆن ناوی گووندێکە کە دەکەوێتە نێوان شارەکانی ڕوانسەر و کامیاران. پشتر لۆنی کۆن هەبووە و ئێستاش لۆنی سادات هەیە. محەمەد عەلیخانی ئەردەڵان (١٣١٢ ک) لە گەشتنامەکەیدا بۆ بلووک و ناوچەی جوانڕۆ لەوێ لایداوە و ساداتی لۆن چوون بە پیرییەوە (ل ٢٤). دواتریش ناوی ملەی لۆن دێنیت و دەڵێت زۆر سەخت و بەردەڵانە (ل ٢٥). لۆن لەوە ئەچێ ناوی تایفەیەک بێت. خۆیان ئێژن ماوەی ٣٠٠ ساڵ پێش لە ئێستا لە کاشغەرەوە هاتوون بۆ ئەوێ.

**١٩. تاقۆسان:** سەیرانگا و بەردەنگاری مێژوویی تاقۆستان، لە داوێني کێوێک هەر بەم ناوە و لە تەنیشتی کانییەک لە باشووری خۆرهەڵاتی دەورووبەری ئێستای شاری کرماشانە. هەر لەم دەورووبەرەدا، ئاسەوارێک لە سەردەمی ساسانییەوە لە بەردە نووسراوی ئەردەشیری دوهەم و دوو هێوانی بەردی بە ناوەکانی هێوانی بچووک و هێوانی گەورە هەیە. هێوانی بچووک لە تەنیشتی چەپی بەردي نووسراوی ئەردەشیری دوەم و هێوانی گەورەش لە لای ڕاستی هێوانی بچووکە. ئیبني فەقی و ئیبنی ڕەستە ئەو جێگایانە بە "شەبدێز" و یاقووتی حەمەوی ئەوێی بە "قەسري شیرین" ناو بردووە .هەروەها حەمدۆڵڵای مۆستەوفی «تاق وستام» و هێندێکي تر «تاق بهستون»، «تاق بیستون» و « تەخت بۆستان» ناویان ناوە. خەڵکي ئەو بنارەش بە نێوی «تاقۆسان» و «تاق بسان» دەیناسن؛ چونکوو "سان" لە زاراوەی ئەو ناوچەدا بە ماناي بەردە و«تاقۆسان» یانێ تاقێک کە لە نێو بەردا درووس کراوە.

**٢٠. ئەزگڵە:** ئەزگڵە لە دابەشکاریی کارگێڕیی ئێراندا، یەکێکە لە شارەکانی شارستانی سەلاسی باوەجانی لە پارێزگای کرماشانی ئێران. بەپێی سەرژمێریی گشتیی جەماوەر و خانووی ئێران لە ساڵی ٢٠١١دا، ژمارەی دانیشتووانی ئەم شارە ١٠٠٧ کەس بووە. ئەم شارە و ناوچەکەی گەرمەسێری عەشیرەتی قوبادی جافن. لە سلطانی (١٣٨٤) ناوی ئەزگڵە هاتووە و نووسراوە ئەو کات ئەوێ سەر بە قەسری شیرین بووە و گەورە پیاوانی ناوچەی گەرمەسێریان بە

نووسەرەوە لە شەواڵی ۱۳۵۰ کۆچی بەرابەر لە گەڵ ڕێکەوتی مانگی بەهمەن واتە بەفرانباری ساڵی ۱۳۱۰ ڕۆژگاری بەگشتی نزیکی پەنجا کەسیان لە ئەزگڵەدا کۆکردەوە و لەوێوە بەرەو زیندانیان هەناردن (ل ۲۵).

هەروەها کە لەم سەرەکیترین شوێنەناوانەی کە دیوانی مامۆستا داواشیدا دەردەکەوێت و بە ڕوونی دیارە هەر کام لەم بنەماڵە دەسەڵاتدار و گرەنگانە مۆرکی ناوی خۆیان لە سەر جوگرافیای ئەو ناوچانەی ژێر ڕکێفی و ژێر کاریگەری خۆیان داکوتاوە و ناوی ئەوان دوای هەزارن و سەدان ساڵ هەر لە سەر چیا و بەرزای و هەوار، ئاو و چەم، دەشت و دەر، گوند و شار و تەنانەت ناوی مرۆڤەکان و بەگشتی هەموو جێگەناوەکانی ئەم ناوچە ماوەتەوە. بۆ وێنە ناوەچەی خانەشوور، دەشتیوڕ و هەورامان، ماکوان و مایەشت و ماپریس، بنیەز و جوانرۆ یادگاری دەسڵاتداری ئاشوورەکان، هورییەکان، مادەکان، بەنی ئەنازکان، بەنی دۆڵفەکان، جاوانەکان و هتد لە سەر ئەم جێگە و شوێنانەن و هەروەها کە پیشانماندا میرزا ئەحمەد بە سواری ئەسپی باڵداری خیال لەم شار بۆ ئە شار و لەم هەوار و مینگە بۆ ئەو میلکان و لەم کۆ بۆ ئە کۆ و لەم قۆناخی مێژووی بۆ نەو قۆناخی تر تاوداوە و مرۆڤ کاتێ سەیری هۆنراوەکانی بە تایبەت شەماڵنامەکان و مەرسییەنامەکان دەکات لە گەڵ خەیاڵی و هەستی بەرزی شەماڵی شاعیردا تۆیش سەردانی تەواوی ئەو شوێنانە دەکەیت کە شەماڵەکانی ئەو سەردانی کردوون و لە گەڵ مەرسیەنامەکانی تۆیش دەگریت. بەڕێزیان لە جەنگی هەڵاڵەزەردا لە ئەسپی خەیال دادەبەزێت و لە ڕووی زەوویدا بۆ خۆی لە گەڵ سەردار ڕەشید و هەواڵانی بەشداری تەواوی ڕوداوە مێژوویەکانی ئەو کاتەی وڵات دەکات و بە جوانترین شێوە و بە هۆنراوە جوانەکانی بارووDۆخەکەی ئەو کات هەر لە ڕوانسەر تاکوو خوڕماوا و هەم هەر لەیەوە هەتاکوو پاوە و لەیەوە هەتا بەغدا و کەربەلا و دواتر هەتا پاوە و دواتر هەتا تاران و قەسری نەگبەتی قەجەر دەبات.

لە قۆناخی چوارەمدا لە سەر هەندێ لە دیارترین و سەرەکیترین جێگەناوەکانی نێو دیوانەکەی مامۆستا داواشی لە وێنگای ڕەوتی دیرۆکی گۆڕانی زمان لە قۆناخەکانی زمانی کوردیدا کە بە بڕاوەی ئێمە قۆناخی کۆنی ئەبێ بە ئەێستای-مادی و قۆناخی ناوەندیشی ئەبێ بە پارتی یان مادی ناوەڕاست بەپێی زمانەوانی مێژووییەوە شرۆڤە و شیکاری دەکەین:

**۱.ڕوانسەر:** ئەم شوێنەناوە وشەیەکی لێکدراوە و لە /ڕوو+ ئاوان+ سەر/ پێکهاتووە کە دواتر لە ئاکامی ڕێسای گۆڕانی سواون بووە بە ڕوانسەر کە واتاکەی لە ئێستادا ئەبێ بە بەرەو سەرچاوەی ئاوەکان. بەشەکانی ئەم وشەیە لە کاتی کۆنی زمانی کوردیدا واتە ئەوێستایی-مادی بەم جۆرانە دیار دەکەون /rōn+(ā)pi+ān+sar/ لە کاتی ناوەڕاستی زمانی کوردیدا یانی لە پارتیدا بە هەندێ گۆڕانەوە بە هەندێک گۆڕانەوە بە ڕوواڵەتی/rōn+(ā)wān+sar/ بە دی دەکرێن.

**۲.ئاویەر:** ئاویەر وشەیەکی لێکدراوە و لە ئاو+یەر پێکهاتووە کە بە واتای دەراوی ئاوە. دوو بەشی ئەم شوێنەناوە لە قۆناخی کۆنی زمانی کوردیدا واتی ئەوێستایی-مادی بە جۆرەکانی /aiwi یان aipi/ هەر دوو بە مانای بەرز و هەروەها ئەکرێ بڵێین کە لە باتی ئەوەی پێشوو لە / aipi/ بە واتای ئاو لە سەر/yara/ واتە کاتی ڕۆژ یان /dar/ دەرهێنان

دەرئەکەون و لە ساتی ناوەڕاستی زمانی کوردیدا یانی لە پارتی و مادی ناوەندیدا ئەبن بە /aiwi یان api / لە پاڵ /yāvar .

**٣.جوانڕۆ:** ئەم شوێنەناوە وشەیەکی لێکدراو- داڕێژراوە و لە جاڤ+ان+ ڕەو پێکهاتووە کە دواتر لە ئاکامی ڕێسای گۆڕانی لێکچوون بووە بە جوانڕۆ کە ئێستا بە مانای ڕێگای تێپەڕبوونی ئێلی جافانە. ئەمە لە قۆناخی کۆنی ئەوێستایی-مادیدا بە دەرکەوتەی /gao واتە گا، jiv، giy یان juya واتە ژیان/ بەخستنە سەری/(ā)wān+rōn/ دیار دەکەون و لە کاتی ناوەڕا ستی زمانی کوردیدا یاننی لە پارتیدا ئەبن بە /gau+wān+rō/ یان/gav+wān+rō/. گری کۆی/ān-/یش بەجێماوەی /ān-/ی کۆن و ناوەندییە.

**٤.کوردستان:** ئەم ناوە وشەیەکی لێکدراوە و لە کورد+ستان پێک هاتووە کە دواتر لە سەرزاری خەڵکی ناوچەکە بووە بە کورسان و واتە شوێنی کوردان. دوو بەشی ئەم ناوە لە کاتی کۆنی کوردی یانی ئەوێستایی-مادی بە ڕواڵەتی /stāna + gurd/ بە مانای جێگە و مینگە دیار دەکەون و لە کاتی ناوەڕا ستی زمانی کوردیدا یانی لە پارتی یان مادیی ناوەندیدا هەر بەو جۆرە دەمێنەوە.

**٥.پاوە:** ئەم شوێنەناوە وشەیەکی داڕێژراوە واتە لە پاو+ە پێکهاتووە کە بووە بە پاوە. ئەم وشەیە لە کاتی کۆنی زمانی کوردیدا یانی ئەوێستایی مادی بە شێوازی /paiδi+ āg/ واتە پێ لە سەر پاشگری بەرکاردا خۆی دەرخستوە و لە کاتی ناوەڕا ستی زمانی کوردیدا یاننی لە پارتیدا ئەبن/paw+ āg/ . لە مادی ناوەندیدا ئەم وشە بە شێوازێک نزیک لە پاوە بە ڕواڵەتەکانی bāwag واتە میوە و باغ و pawāg واتە پاک و خاوێن دەبینرێن. پاشگری /a-/ش لە دوای پاوە دەبێت پاشماوەی پاشگری ناوسازی /ag-/ی ئاوێستای-مادی و مادی ناوەندی بێت.

**٦.شاوە (شاهۆ):** ئەم شوێنەناوە وشەیەکی لێکدراو- داڕێژراوە و لە شاە+ ئەو+ە پێکهاتووە کە دواتر لە ئاکامی ڕێسای گۆڕانی سواون و بووە بە شاوە کە یانی شاە ئەوە. بەشەکانی ئەم وشەیە لە قۆناخی کۆنی زمانی کوردیدا واتە ئەوێستایی-مادی بە شێوازی /xṣaσra+ hau/ دیار دەکەون و لە کاتی ناوەڕا ستی زمانی کوردیدا یاننی لە پارتیدا ئەبن بە /ṣah+ hō/. /a-/ کورتکراوە و بە واتای هەس پاشماوەی /as-/ی کۆنە.

**٧.کرماشان:** ئەم شوێنەناوە وشەیەکی لێکدراوە و لە گورد+ماە+شان پێکهاتووە کە دواتر لە ئاکامی ڕێسای گۆڕانی سواون و بووە بە کرماشان و ئەتوانین بڵێین بە واتای شوێن و شاری شاکانی مادی ئازایە. بەشەکانی ئەم شوێنەناوە لە کات و ساتی کۆنی زمانی کوردیدا یانی ئەوێستایی-مادی بە جۆری /gurd+ma(d) +xṣayant/ دیار دەکەون و لە کاتی ناوەڕاستی زمانی کوردیدا یانی لە پارتیدا ئەبن بە /gurd+ma(d)+ ṣahn/. لە باتی xṣayant واتە فەرمانڕەوا دەتوانین ṣayan بە مانای نیشتەجێش دابنێین.

**٨.ڕێزە:** ئەم شوێنەناوە وشەیەکی داڕێژراوە و لە ڕێز+ە پێکهاتووە و بە واتای ڕێخی زۆرە. ڕێز بە واتای ورد لە ئەوێستادا نییە بەڵام بە ڕوواڵەتی/ raz/ واتە ڕێک و لە دەریدا بە جێگەی ڕێز و ڕێژ خورتە واتە "خرد لە فارسیدا" هاتوە. ئەم وشە

له زمانی  دەریشدا نییە بەڵام لە پارتیدا ڕێژ هەیە و پێی دەچێت پێوەندیشی لە گەڵ /rdg/ مادیی ناوەڕاستیشدا هەبێت کە بە واتای ڕێکی ئێستا هاتووە./a -/ش واتە دوایین دەنگی ڕێزە پاشماوەی پاشگری ناوسازی /ag-/ی ئاوێستای-مادی و مادی ناوەندیە.

**٩. پەڕاو:** ئەم شوێنەناوە وشەیەکی لێکدراوە و لە پەڕ+ ئاو پێک هاتووە و واتای جێگایەک دەدات کە پەڕاوپەڕی پڕ و تژی لە ئاو بێت. ئەم جێگەناوە لە کاتی کۆنی زمانی کوردیدا یانی ئەوێستایی مادی بە ڕێبازی /para-ah+āipi/ بە واتای ڕژان بە خستننە سەر ئاپی واتە ئاو دیار دەکەون و لە کاتی ناوەڕا ستی زمانی کوردیدا یاننی لە پارتیدا ئەبن بە/para-ah+āpi/.

**١٠. بانە:** ئەم شوێنەناوە وشەیەکی داڕێژراوە ولە بان+ە یێک هاتووە بە واتای جێگای سەرەوە. ئەم وشەیە لە قۆناخی کۆنی زمانی کوردیدا واتە ئەوێستایی مادی بە جۆری/+van/ دیار دەکەون و لە کاتی ناوەڕا ستی زمانی کوردیدا یاننی لە پارتیدا ئەبن بە /+bānu/ جێگایەگ خۆر لێی دەدا. پیتی /a-/ش لە دوای بانە بەجێماوی پاشگری ناوسازی /ag-/ی ئاوێستای-مادی و مادی ناوەندیە.

**١١. نەوسوو:** ئەم یاگەناوە وشەیەکی داڕێژراوە و لە نەو+سوو پێک هاتووە و بە واتای. نەو یان بە بێژەی خۆیان نۆ بە واتای تازە لە ئەوێستادا هەیە و بە ڕوواڵەتی/ nov/ هاتووە. ئەم وشە لە زمانی  پارتیدا بە شێوازی /na(x)vāg/ هاتووە. دەتوانین بڵێین کە نزیکترین وشە بەم ناوە داڕێژراوە لە ئەوێستادا /novsit/یە کە بە واتای سەر لە نوێ درەوشاوەیە.

**١٢. دەشتیورڕ:** ئەم شوێنەناوە وشەیەکی لێکدراو-داڕێژراوە و لە دەشتی+هوڕ  پێکهاتووە کە دواتر لە ئاکامی ڕێسای گۆڕانی سواون بووە بە دەشتیوڕو بە واتای دەشتی هورییەکانە. بەشەکانی ئەم جێگەناوە لە کاتی کۆنی زمانی کوردیدا یانی ئەوێستایی-مادی بە جۆری /işti+hor/ خۆی نواندووە و لە کاتی ناوەڕا ستی زمانی کوردیدا یانی لە پارتیدا ئەبن بە. پیشاندەری دۆخی زیادەی /i-/یش پاشماوەی /(h)ya-/یی ئەوێستای-مادی و کاریگەری /i-/ یی فارسییە.

**١٣.ساراوەن:** ئەم شوێنەناوە وشەیەکی لێکدراو-داڕێژراوە و لە سار+ ئاو+ان  پێکهاتووە کە دواتر لە ئاکامی ڕێسای گۆڕانی سواون و بووە بە ساراوەن کە بە واتای ئاوەکانی سەر یان سارە یان سارایییە. بەشەکانی ئەم وشەیە لە قۆناخی کۆنی زمانی کوردیدا واتە ئەوێستایی-مادی بە  ڕێبازی /sar +  aδwan / دیار دەکەون و لە کاتی ناوەڕا ستی زمانی کوردیدا واتە لە پارتیداو مادی ناوەڕاستدا ئەبن بە /sar + ap+an/. پاشگری کۆی/an-/یش لە پاشگری کاتی کۆن و ناوەندی /ān-/وە ماوەتەوە.

**١٤.مەریوان:** ئەم شوێنەناوە وشەیەکی لێکدراو- داڕێژراوە و لە مار+ئاو+ان پێکدێت کە دواتر لە ئاکامی ڕێسای گۆڕانی سواون و بووە بە مەریوان و واتای ئاوەکانی مار یان مادەکان دەدات. بەشەکانی ئەم وشەیە لە وەختی کۆنی زمانی کوردیدا واتە ئەوێستایی-مادی بە شێوازی ماد لە سەر /mad(r)+aδwan/ واتە ڕێگای یان ئاوان واتە ئاوەکان

دەرکەوتووە و لە وەختی ناوەڕا ستی زمانی کوردیدا یانی لە پارتیدا ئەبن بە هەر ئەوە /mad(r)+aδwan/. گری کۆی/ān-/یش بەجێماوەی /ān-/ی کۆن و ناوەندیە.

**١٥.هەورامان:** ئەم شوێنەناوە وشەیەکی لێکدراو- داڕێژراوە و لە ئەو+راما+ان پێکهاتووە کە دواتر لە ئاکامی ڕێسای گۆڕانی زماندا بووە بە هەورامان و ئێستا دەتوانێت مانای یاگەی دەنگ خۆشەکان و هەندێ تر مانا بدات. بەشەکانی ئەم یاگەناوە لە قۆناخی کۆنی زمانی کوردیدا واتە ئەوێستایی-مادی بە یەکێ لە ڕواڵەتەکانی /huvara واتە خۆر، awra واتە هەور، aurva یانی بەورە و ناودار، mawñgha یانی مانگ/ یان بە جۆرێکی تر واتە /abi+rama+an/ واتە ئەوێ شوێنی دەنگ خۆشانە بەدی دەکرێن. لە کاتی ناوەڕا ستی زمانی کوردیدا یانی لە پارتی ناوەندیدا بە ڕواڵەتی /huā+rāmēn/ واتە یانە و ماڵی خۆش ئەبینرێن.

**١٦. بێستوون:** ئەم شوێنەناوە وشەیەکی لێکدراوە و لە بەغ+ ستاون+ پێک هاتووە کە دواتر لە ئاکامی ڕێسای گۆڕانی سواون و بووە بە بێستوون واتە شوێنی خوداکان. دوو بەشی ئەم وشەیە لە کاتی کۆنی زمانی کوردیدا یانی ئەوێستایی مادی بەم جۆرانە دیار دەکەون / baγ+istun/ واتە شوینی خدا یان /baγistom/ و لە کاتی ناوەڕا ستی زمانی کوردیدا یانی لە پارتیدا ئەبن بە /bōσestān/ باغستان.

**١٧. داڵەهۆ:** ئەم شوێنەناوە وشەیەکی لێکدراو-داڕێژراوە و لە داڵ+ە+ کۆ پێک هاتووە کە دواتر لە ئاکامی ڕێسای گۆڕانی سواون بووە بە داڵەهۆ کە ئێستا بە واتای کۆ و چیای داڵە. ئەم یاگەناوە لە کاتی کۆن و ناوەڕاستی زمانی کوردیدا بە ڕوونی ڕدیار نییەن هەرچەن دەتوانین ئەم گریمانە دەرخەین کە داڵ یان هەڵۆ پاشماوەی بەشی یەکەمی وشەی /ar/lzifiya/ واتە ئەر یان ئەڵ بن کە بە واتای کێفی هەڵۆ یان داڵ لە ئەوێستادا هاتوە و دواتر /d/ لێ زیاد بووە. هەروەها /هۆ/ش دەتوانێت کورتکراوەی/kusra/ لە ئەوێستای-مادی یان /kōf/ ی مادی ناوەڕاست بێت. پاشگری /a-/ش لە دوای داڵ دەبێت پاشماوەی پاشگری ناوسازی /ag-/ی ئاوێستای-مادی و مادی ناوەندی بێت.

**١٨. لۆن:** ئەم شوێنەناوە وشەیەکی ساکارە. مەزەندەی ئەمە دەکرێت پێشتر ناوی تایفەیەک بووبێت. ئەم شوێنەناوە لە ساتی کۆنی زمانی کوردیدا واتە ئەوێستایی-مادی و هەروەها لە وەختی ناوەڕا ستی زمانی کوردیدا یانی لە مادی ناوەڕاستدا بەم لەونە دەر ناکەوێت و تەنیا دەتوانێت کورتکراوەی شێوازی /rōn+ aw / بێت کە بە مانای بەرەو لای ئاوانە.

**١٩. تاقۆسان:** ئەم شوێنەناوە وشەیەکی لێکدراو-داڕێژراوە و لە تاق+ۆ+ ساون پێک هاتووە. بەشی/tāq/ی ئەم وشەیە لە قۆناخی کۆنی زمانی کوردیدا واتە ئەوێستایی-مادی نادیارە بەڵام و+سان بە شێوازی/ud+asāna/ دیار دەکەون و لە وەختی ناوەڕاستی زمانی کوردیدا یانی لە پارتیدا ئەبن بە /+tag+ u+asāna/. سەرەڕای ئەمە، تاکواچی سان لە شوێنەناوی تاقۆساندا ئەکرێت کورتکراوەی ساسانیش بێت. /u/ش پاشماوەی گری پێوەندی /uta/ی ئەوێستای-مادی و /ud/ی مادی ناوەندییە.

**٢٠.ئەزگڵە:** ئەم شوێنەناوە وشەیەکی داڕێژراو-لێکدراوە و لە ئەز+ گڵ+ە پێکهاتووە کە نزیکترین مانای لە ئێستادا ئەبێتە جێگایەک کە داری لەقی (ئەژگی) وشکی گێڵ (مۆردی) یان گڵ و هەڕگی چڕ و زۆری تێدایە. بەشەکانی ئەم وشەیە لە وەختی کۆنی زمانی کوردی واتە ئەوێستایی-مادییش بەم شێوازە دیار دەکەون /aoδa + grava/ واتە ئاوی زۆر لە سەر نەیزار یان /azg+ grava/ و لە کاتی ناوەڕا ستی زمانی کوردیدا ئەبن بە /az (ž)+grww/ واتە لە گەڵ لەقی نەیجە یان /az (ž)g+grww/. پاشگری /a-/ش لە دوای ئەزگڵە پاشماوەی پاشگری ناوسازی /ag-/ی ئاوێستای-مادی و مادی ناوەندیە.

## ٤- ئەنجام

شوێنەناوناسی یەکێکە لە لقە گرنگەکانی زمانەوانی کە ڕێسای تایبەتی خۆی هەیە بۆ دۆزینەوەی ڕەگ و مانا و بەکارهێنانی شوێنەکان. مەبەست لەم لێکۆڵینەوەیە نیشاندانی ئاستی بەرزی هزر و حافیزەی بەهێز و سەرسوڕهێنەری شاعیر بوو لە بەکارهێنانی شوێنەناوەکان و هەروەها جەختکردنەوە بوو لەسەر ئەم جێگەناوانە تاکوو بتوانرێت بە شێوەیەکی زانستی تۆمار بکرێن و لەبیردا بمێنن و بپارێزرێن. لەم وتارەی ئێستادا لە پێشەکییەدا لە سەر پێناسە و شرۆڤە و گرینگی شوێنەناوناسی و مەبەست و هۆکاری کەڵک وەرگرتنی هۆنەر لە شوێنەناوەکان دوواین. لە بەشی دووهەمدا واتە لە پێشینەی لێکۆلین یان شیکاریدا پێشینەیەکی کورتمان لەسەر بابەتی ئەم وتارە واتە شوێنەناوناسی بەگشتی و لە زمانی کوردیدا بەتایبەت باس کرد. بەشی سێهەمی ئەم وتارە شێوازی توێژینەوەی لە چوار قۆناخدا لە خۆ دەگرت. لە قۆناخی یەکەمدا شوێنەناوەکانی نێو دیوانەکەی میرزا ئەحمەدمان دەرهێنا و دەرکەوت کە هۆنەری ڕێزدار نزیکەی ١١٠٠ جار شوێنەناوەکانی لە دیوانەکەیدا بەکار هێناوە. لە هەنگاوی دووهەمدا زانیاریمان لە سەر شوێنی جۆگرافیای شوێنەناوەکان و تایبەتمەندی سروشتی ئەو شوێنانە کۆ کردەوە و هاتین تەواوی شوێنەناوەکانمان بە پێی ناوەڕۆکی پێکهاتەی وشەناوەکان لە ڕوانگەی ڕێساکانی زانستی وشەسازی و وشەڕۆنان و واتاناسیەوە بە سەر دە لایەن یان دە جۆر شوێنەناودا دابەش کرد. لە قۆناخی سێهەمدا بە بەراورد لەگەڵ دەرفت و کاتی ئەم وتارە پێشینەی بیست دانە لەو شوێنەناوە سەرەکییەکانی نێو دیوانەکە دەرخست و بە یارمەتی سەرچاوەی نوسراو وەکوو کتێب و بەڵگە و گرێبەستە مێژووییەکان تاکوو جێگەیەک کە توانیمان ئەم چەن شوێنەناوە سەرەکییەمان بەڵگەمەند کرد کە ئەمە لە خۆیدا گرنگی و هۆکاری کەڵک وەرگرتنی مامۆستا داواشی لە ڕوانگەی مێژوویی، سروشتی، کۆمەڵایەتی وئایینیەوە لەو یاگەنامانە دەردەخات. لە دوا قۆناخدا بە پێی زانستی بنجوانی و زمانەوانی مێژوویی لە سێ قۆناغی مێژوویی زمانی کوردیدا، ڕەگ و مانای ئەو وشانەی کە بە ڕێژەی بەرفراوان بەکاهێنراون، دەستنیشان و شیکاری کران. لە بەشی کۆتاییدا ئاماژە بە ئەنجام و دەسکەوتەکان و پێشنیارەکانی ئەم شیکارییە دەکەین و دەڵێین کە ئەم بەرهەمە بە هەموو کەم و کورتییەکانییەوە وەک خاڵێکی گرینگی دەسپێکی توێژینەوەی شوێنەناوەکان بەتایبەت لە کوردستان و ناوچەی

جوانڕۆ، ڕوانسەر پاوە و باوەجانی و بەگشتی هەورامان دێتە ئەژمار. هەروەها، پێشنیار دەکەم کە شاعیرانی بەڕێز لە ناوە ڕەسەنەکانی شوێنەناوەکانی ناوچەکە کەڵک وەرگرن با ئەم ناوانە نەفەوتین و هەر بمێنێن. هەروەها، ئەم توێژینەوە بەم ئەنجامەمان دەگەیەنێت کە مامۆستا میرزا ئەحمەد لە ئاستێکی  جوانکاری وێژەیی زۆر بەرزدا و بەئاگابوون لە چەمکی مێژوویی، سروشتی، کۆمەڵایەتی، ئایینی و ... یاگەناوەکان بۆ گەیاندنی هزر و چەمکی کاریگەر و کارامە بە جوانترین و ڕازاوەترین شێوە کەڵکی وەرگرتووە.

**ژێدەرە  فارسییەکان:**


ابن خردادبه، عبیدالله بن عبدالله. ۱۳۷۰، المسالک و الممالک (۳۰۰)، تحقیق دِخُویه، لیدن ۱۸۹۵. ترجمه حسین قره چانلو. تهران.

ابودلف، مسعربن مهلهل خزرجی ینبوعی.۱۳٤۲، سفرنامه ابودلف درایران، با مقدمه ولادیمیرمینورسکی، تعلیقات، تحقیقات و ترجمه ابوالفضل طباطبایی. تهران: انتشارات فرهنگ ایران زمین.

ابوالقاسمی، محسن. ۱۳۷٤، ریشه‌شناسی. تهران: انتشارات ققنوس.

ادوای،  مظهر و دلریش، بشرا. ۱۳۹۵، روابط و مناسبات حکومت صفویه با الکای هُورامان، پژوهش های تاریخی دوره جدید سال هشتم پاییز ۱۳۹۵ شماره ۳ (پیاپی ۳۱).

آرلانو، آنتونی. ۱۳۸٤، درآمدی بر زبانشناسی تاریخی. ترجمه یحیی مدرسی. پژوهشگاه علوم انسانی و مطالعات فرهنگی. تهران.

احدیان، محمدمهدی و بختیاری، رحمان. ۱۳۸۸، درآمدی بر جاینام‌شناسی ایران، جستارهای ادبی، شماره ۱٦۵.

اردلان، محمدعلیخان (ظفرالملک).  ۱۳۹۸، سفرنامه بلوک جوانرود سال های ۱۳۱۲ - ۱۳۱۳ قمری. به تصحیح : محمد عبدلی. مهاباد: انتشارات میراث مانا.

استرابن .۱۳۸۲، جغرافیای استرابو: سرزمینهای زیر فرمان هخامنشیان. ترجمه: همایون صنعتی زاده. تهران: انتشارات بنیاد موقوفات دکتر محمود افشار

اعتماد السلطنه، محمد حسن بن علی. ۱۳٦٤، مرآة البلدان. به کوشش عبدالحسین نوائی و میرهاشم محدث. تهران: انتشارات دانشگاه تهران.

اصفهانی، حمزه .۱۳٤٦، *تاریخ پیامبران و پادشاهان* .ترجمۀ جعفر شعاری.تهران: انتشارات بنیاد فرهنگ ایران.

بدلیسی، شرف‌خان بن شرف‌الدین. ۱۲۷٦ هجری، به اهتمام: ولیامینوف زرنوف. سن پترزبورگ.

بهرامی، احسان. ۱۳٦۹، فرهنگ واژه‌های اوستا (چهار جلد) به یاری فریدون جنیدی. تهران: نشر بلخ.

توکلی، محمدرضا. ۱۳۵٤، جغرافیا و تاریخ بانه. بانه: چاپخانه سهیل.

حدود العالم من المشرق الی المغرب. ۱۳٤۰، مؤلفی ناشناخته، تحقیق و چاپ منوچهر ستوده. تهران: انتشارات دانشگاه تهران.

حَمَوی، یاقوت. ۱۹٦۵، کتاب مُعجَم البُلدان (٦۲٦-۵۷٤)،  چاپ فِردیناند وُوستِنفُلد، لایپزیگ ٦ جلد، ۱۸٦٦-۱۸۷۳. تهران: چاپ افست.

دیاکونوف، ای. م. تاریخ ماد.۱۳٤۵،  ترجمۀ کریم کشاورز.تهران: انتشارات بنگاه ترجمه و نشر کتاب.

دولتشاهی، عمادالدین. ۱۳٦۳، جغرافیای غرب ایران یا کوههای ناشناخته اوستا. تهران: چاپخانه نقش جهان.

رفاهی علمداری، فیروز. ۱۳۸۰، مبانی توپونیمی و نگاهی به توپونیمیهای ایران. تهران: انتشارات سازمان نقشه‌برداری کشور

سجادی، سیدمهدی. ۱۳۹۷، جای‌نام‌شناسی در کردستان و فرضیه ادموندز-مکنزی .«مجموعه مقالات نخستین همایش ملی
سلطانی، محمدطاهر. ۱۳۸٤، خاطرات سلطانی (از قصر شیرین تا قصر قجر)، به اهتمام محمدعلی سلطانی. تهران: انتشارات سها
علی‌نیا، امیر. ۱۳۹٦، کاسیان در ایران زمین. تهران: دفتر پژوهش‌های فرهنگی.
فتاحی، ولی. ۱۳۹۷، بررسی انگاره‌های بومی در اشعار میرزا احمد داواشی. مجموعه مقالات همایش منطقه‌ای میرزا احمد داواشی. گردآورندگان: محی الدین امجدی و عطا الماسی . کرمانشاه: نشر گلچین ادب.
فرنبغ، دادگی. بندهش. ۱۳۸۵، ترجمه و گزارش مهرداد بهار. تهران: نشر توس.
قزوینی، زکریا بن محمد تهران، ۱۸٤۸. آثار البلاد و اخبار العباد (٦۸۲ک). گوتینگن ۱۸٤۸. چاپ مجدد در ۲ جلد به تصحیح محمد شاهمرادی. تهران: انتشارات دانشگاه تهران.
گوتشمید، آلفردفن.۱۳٦۱، تاریخ ایران و ممالک همجوار آن، مترجم: کیکاووس جهانداری. تهران: انتشارات دانشگاه تهران.
مردوخ کردستانی، شیخ محمد. ۱۳٥۱، تاریخ کرد و کردستان و توابع. به اهتمام فخرالدین غریقی. سنندج: کتابفروشی غریقی.
مستوفی، حمد الله بن ابی بکر .۱۳۳٦، نزهة القلوب (۷٥۰)، به کوشش محمد دبیر سیاقی. تهران: انتشارات طهوری.
مکری، محمد. ۲۰۱۴، «کرمانشاه، باختران، کرماشان .(PDF) «مجلهٔ فرهنگی تاق وه سان. بایگانی‌شده از اصلی (PDF) در ۲۴ سپتامبر ۲۰۱۵. دریافت‌شده در ۲۱ اوت ۲۰۱۵.
مینورسکی، ولادیمیر. ۱۳۷۹، نامهای جغرافیایی و ریشه‌های تاریخیِ آنها در آتروپاتن (ماد)؛ گردانشِ رقیه بهزادی. تهران: نشر پژوهنده.
نجیب بکران، محمد بن. ۱۳٤۲، جهان‌نامه: متن جغرافیایی تألیف‌شده در ٦۰٥ هجری، به کوشش محمدامین ریاحی، تهران: انتشارات کتابخانهٔ ابن سینا.
وقایع نگار کردستانی، علی اکبر، ۱۳۸٤ . جغرافیا و تاریخ کردستان (حدیقه ناصریه و مرات الظفر). تهران: انتشارات توکلی.
شرفکندی، عبدالرحمان (هژار). ۱۳٦۹، هەنبانە بۆرینە: فرهنگ کردی فارسی.تهران: انتشارات سروش.
یعقوبی، احمد بن اسحاق. ۱۹٦۷ . کتاب البُلدان (۲۹۲)، چاپ دِخُویه، لیدن ۱۸۹۲ . تهران: چاپ افست .

**سەرچاوەی کوردی**

داواشی، میرزا ئەحمد. ۱۳۸۹ . دیوانی میرزا ئەحمەد داواشی. پێداچوونەوەی ح. محەمەدی. تاران: ئێحسان.

## English References:

Boyce, Mary. (1977). A Word list of Manichaean Middle Persian and Parthian. Leiden etc. Brill.
Calmeyer, Peter 1978, “Das Grabrelief von Ravansar,” AMI N.S. 11, pp. 73–85.
Rich, C. J (2014). Narrative of a Residence in Koordistan, and on the Site of Ancient Nineveh, Cambridge : Cambridge University Press.
Tent, J. 2015. Apprroaches in research in toponomy. Names. 63 (2): 65-74.

## پاشەڕۆک١

پێشەکی و خۆناساندنی شاعیر (ل ٢١): ڕوانسەر، ئەڵک

موناجات و تەوحید (ل ٢٥): کۆی توور

مەدحی موحەمەد (ل ٣٧): هفت ئەفلاک، حمله العرش، دارالامنتهی

قسەس سەنگتاش و حەزرەتی موسا (ل ٤١): توور

یا ئەڵا زارم (٦٢): حجرالاسود

جوانی و پیری (ل ١١٤): پیرمیکائیل

بەسەرهاتی قەڵای ڕۆخاو (ل ١١٩): پەڕاو، کێسرا

چەرخ ئەفلاکەن (ل ١٣٠): تووس، کەربەلا

کار (ل ١٥٩): کانی کورە، ئێران، چەشمە کۆرە

هەندێ لە پێشبینیەکانی... (ل ١٦٤): ئێران

شیعری وەسفی فاتمە خانمی خێزانی (١٨٠): کانی خەیران

بەهار (ل ١٨٢): ڕۆم، هند، چین، شاهۆ

بەرزەچنار (ل ١٨٩): بەرزە، قولەی قاف، چنار

سیاپۆشەکەم (ل ١٩١): کرماشان، فەیزئاوا، سیلو، سەرئاسیا، مەلامیرانی، پشت بەدەنە، بەرزە دەماخ، سێ ڕای پەهلەوی، دامنەباخ، سەراو، کۆسفید، پەڕاو، بیستون، ئەشکەفت، بەلوچ، هۆلهۆل ، هەژدەر، خوڕێڵە، خورێن، چاڵئاو، گاچاڵ، تاقۆسان، تیمچە، چەنانی، کوردستان، کرماشان، جەهان، لولووپەڕ، گوڵباخی، مرروارى، دەرتاپی، گوڵباخی، مرواری، گرگرە، نیلوفەر، پەڕاو.

ئازیزم شەوبۆ (ل ٢٠٦): شاوەکۆ

میرزام وە قەڵوەز (ل ٢٠١٢): قەڵوەز

پەروین بێ پەروا (ل ٢٢٣): شەش بەهمەن، کرماشان، قەرەسوو

یەک ڕۆ چوون مەجنون (ل ٢٢٧): دوجەیل

جام جەم جەمین (ل ٢٥١): پەڕاو

من سەرعی و لێوە (ل ٢٥٦): دوجەیل، بێستوون

سوزانی جەرگم (ل ٢٦٠): قاف

قەسەم نامە (ل ٢٦٤): ئاویەر، کوردستان، ئاویدەر، ڕێزە، زیکە، ساراوەن، دەماوەن، شەروێنە، بێستوون

ئازیزم قاربی (٢٧١): ئاویەر، گاوەرۆ

یەک زلانێ هات (ل ٢٧٦): ڕوانسەر

بیجاڕ کە بیجاڕ مەحبوبە جاڕەن (ل ٢٨٣): بیجاڕ، کوردستان

ئازیز وە حومام (ل ٢٨٦): توور

شیرین و فەرهاد (ل ٣٠٥): بێستوون

قیبلەم وەلامان (ل ٣١٠): قەلاش، دەشتی هوڕ، داڵەهۆ، بەمۆ، ساراوەن، ڕێزە، خانەشور، کۆی توور، قاڵیچە، ئەشکێ، بانی‌نار، تاریکە، ئەزگڵە، قەیتول، بانەڎار، گاڕێ، حەسەن گایار، یادگار، باڵوڵ، دەشتی‌وڕ

ڕێزە ئەڵماسە (ل ٣١٧): سنجابی، ئەرمەن(ی)
بێ مەیلی وەسەن (ل ٣٢٠): پەڕاو دوو جار
دورکەفتەی وەتەن (ل ٣٢١): کوردسان، کوردستان، ئاویەر، ئامانییە، عەزامییە، سەرتەخت، بانتاو، زەفەرییە، خزرش؟؟، شوێنناو، نزامییە، خسرو‌ئاوا، موبارەک ئاباد، ئامانیە، تەکیە، چەمەنزار، وێڵەوێڵەگەل، باغەنەمامە، گریاشان، کوردستان، سیروان، فەرەجە، قشڵاخ، گرێزە، قار، خان ئەحمەدخانی، دەماوەن، کوردستان، ئاویەر

**شەماڵ وە جایە (ل ٣٢٣):** چل‌یاران، سەرکەوە، گەڕاو، بارگای شێخ ڕەسوڵ، شوانکارە، کانی کەڵەک، گەشکی، هەوار سەردار ئەکرەم، شەش بید، سڵام گاو(ە): بازان، کێکەن، کانی خەسرەو، کوێلە، ماکوان، ئاتەشگاە، کەنە، ڕشکەپێ، میکان و مینگە ، ڕوان، ساراڵ، دوجەیل، هەڕەگاڵ، نۆخان، ناوێڵ، شەشۆڵ، دوجەیل، زلان، سەیالی، ناراو، کەوسەر، باوەجانی، بەنی گەز، وەزنە، سەراوگەزنە، دوجەیل، خوەتەن، میرئاباد، سەراو شیان، حەفت کەش، شێفیلە، لووشە، دەماوەن، ساراوەن، شێخ عەبدالقادر، ڕێزە، زیکە، ڕێزە، ڕێزە، سیاتایەر، دەشتیءوڕ، قوڵقوڵە، پاڵان، داڵەهۆ، دەشتی لەیل، بارەگەی باڵوڵ، سەراو قەڵا، دەشتیءوڕ، سەراو قەڵا، سێ تەپان، سێ تەپان، دەشتیءوڕ، دێکەی ئەمین، دەشتیءوڕ، کانی پلورە، سەڵمانە، سەرقەڵا، قاف.

شەماڵ ئامانەن (ل ٣٣٦): دوجەیل، چین، گاچاڵ، سەرتیل، شاوەکۆ، ماهیدەشت، بەنی گەز، توور، توون، تەوەس
شەماڵ غەمانم (ل ٣٤٢): دوجەیل، میرحەمزەی عەرەو، زاخە، باڎمسان، نغارەکۆ، چەنگیزقەڵا، قزڵ قەڵا، کۆی کەواسور، قەرەچیمەن، قەرەچەم، حەسار سفید، کەیفە، زێران، مەنمی، گوڵباغی، هەوەتوو، ساراڵ، سەقز، بۆکان، سەردەشت، بانە، باشماخ، باشماخ، مەریوان، زرێبار، قاف، کۆساڵان، مەحموودئاباد، سورکاوڵ، کۆیێ ئارێز، میانە، پەڕاو، تێژتێژ، ئارەنان، مەعمەد، کەمێزەکۆن، ئاویەر، کەوسەر، ئاویەر، سەرئاسیاو، ماماتگە، کانی شەفا، عەواڵان، سەرچی، نشور، تاو، دۆڵاو، چاڵی، چەمەرگا، باعس پەڕنە، گورکڵن، زەڕنە، لۆن، شایەنی، پاگە، کەماڵە، شەوەر، تەنگی نوورەسوور، تەڵاش، سەنجەر، زینان، ڕوانسە، ڕوانسەر ٢×، کەوسەر، وشکەڕۆ، تەختی زەنگی، ڕوانسەر، سەلەکان، خانیلە، دێ سوور، تەم تەم پیر "شێخ مەحموود"
شەماڵ زەرورەن (ل ٣٥١): "داری" توبا، حەوزی کەوسەر، مەکە، لەیلاخ
شەماڵ ئاویەر (ل ٣٥٤): کوردسان، ئاویەر×٤
وەسفی ئاویەری کوردستان بۆ...(ل ٣٥٧): ئاویەر×١٢، ڕۆم، کوردستان، کۆی توور
بۆ کوردستان×٢ (ل ٣٧٣): ئاویەر×٨، کانی شەفا، سەرچەمەی خزر، ماماتگە، سەرتەخت، زەفەریە، عەزامیە، موبارەک ئاباد، ئامانیە، سەرئاسیاو، مەسن، مەعروف و،خانە پاڵ، تەکیە، چەمەن، خسرئاوا، وێڵەوێڵە، باخەنەمامە، گریاشان، هەرزەڕی، بەدەخشان، دەرەبەیان، شێخان، قەڵاچوارلان، جەورئاوا.
ڕوانسەر و گەرمەخانی (ل ٣٧٠): ئەرمەن، پاوە×٢، گەرمەخانی، ڕوانسەر، جەنگ.
شیم وە شوانکەش×٣ (ل ٣٧٧): ئەڵک، مارا‌وی، فانۆس.
بیرەوەریەک ڕۆژ سێزدەبەدەر لە (ل ٣٨٣): تاقۆسان، کرماشان.
تاقەتم تاق بی (ل ٣٩٠): کوردسان.
شەماڵ ناشادم (ل ٣٩٦): پاوە، لۆن، هەتاوەچەرمە، نوورەسوور، بەرکوڕ، نوورکەوە، گوڵباخی، چاڵاو، تاقەڕەش، سوراوەڕێ، شینکۆ، خەلانە، مای شەوەر، دەیلەم، خڕەسفید، گۆڵ کێ، بەورەوار، شەتی نوور، ساناو، کانی گولیجی، حەوشە زەرد، سێخڕان، چاشتەوەر، گاقڕان، پیرخزر، هەوارگەی قشلاخی، سەریاس، شەرای شەمشیر، دوریسان، دەرەنێش، سەراو هەوڵی، پاوە، ئاتەشگا، خانەگا، تاق کەسرا.

شەماڵ بۆ نەوسود (ل ٤٠٢): کێڵ سولتان، سەیدولوەفا، سولتان ساق، سیروان، برج ئاینە، تەکاو، بەلەبزان، چاوگە، بەلەبزان، کرن خانئەحمەدخانی، وەزنە، وشکەناو، نەوسوود، ونی، کەلە هەرات، داڵانی، دزاوەر، هانەماران، کەلەهەرات، دەرەی تاریکە، ناوسود، گەشێنە، پەروێنە، هەربەزاز، چەشمە کەچەنە، رووەوزەنی، سۆراڵ، هانیبا.

نامەکەت یاوا (ل ٤٠٦): رەزا×٢، کوردسان.

دوور لە وەتەنم (ل ٤٠٧): کرماشان، تاقۆسان، سەراو قەمەر، کرماشان، باغ نەی، شەش بەهمەن، مەیدان کورش، پارک شیرین، سیلوو، سەرئاسیاو، مەلامیرانی، سیَڕای پەهلەوی، دامنەی باخ

تەسکین بەخشەکەت (ل ٤١١): ڕوانسەر، گەرمەخانی، قڵاگە، ولەو، هێڵەوڕ، سەراو، تەختی زەنگی

سەرو و سەهی تەرز (ل ٤١٤): زیرە و کرمان، ئەردەڵان، وەڵەدبەیگ

هەر دڵ دەرد نەکا (ل ٤١٦): قەزوین

ڕەفعەت پایە بای (ل ٤٣٠): چین، ئێران

دانای خۆش مەزمون (ل٤٣٧): دەریای جەیحون، کوردستان، شوێنناو، مەکە

سولتان دەعوەتم کەرد وە ڕوانسەر (ل ٤٥٠): ڕوانسەر×٣، ڕۆم، هند و چین، قولە، هێڵەوڕ، قەڵاگە

ئامیرزا نامەت (ل ٤٥٥): سەفی ئاوا، سەڕۆ، تورکەپان، بیاشۆش، کەڵێ و مافیران، تەیمەززەگ، چل یاران، کانی خەیران، چاڵاوە، تاقەڕەش، سوراوەڕێ، شینکۆ، خەلانە، مای شەوەر، دەیلەم، خڕەسفید، گوڵکێ، بەورەوار، شەتی نورر و ساناو، هەسونی و کاوات، سامڵە، هەسێرەگوڵان، بێڵەیی، ناوملان، عەزیم کوژیاگ، نیشان کرد، قەڵا×٥ (جوانڕۆ)، کانی خاڵخاس و هەڵانی، چاچ(ی)، شاوە، شمشێر و پاوە، یەمان(ی)

وڵام .. بۆ سەعید وەزری (ل ٤٦٦): خاقان، فەغفور، چین

مەرسیە بۆ شێخ حسام الدین (ل ٤٧٣): هەورامان، خورماڵ، باخەکۆن

شنۆ شەماڵێ بۆ شێخ ...(ل ٤٧٥): پاوە×٦، ماهیدەشت، هەوڵی و بیمیری، شاهۆ، زاوەڵی، لارەکاو، حەسارگا، ملەبراووک، سێملە، باوەڕ، هانی زڵێخا، کەلی بەرزەلنگ، کانی کەڕیان، دۆزەقەی زاز، نجاڕ، سینە، سەیاران، یۆسف کوژە، بان زەمانگە، هانەساو، دەربەند، گەزەن، بانامەڕان، مارانی، کەلیان، پشتە، ئاتەشگا، خانەگا، دوریسان، چیەی دەرەنیش، بورهانەدین، قشڵاخ.

مەرسیە بۆ خەلیفە سەید عەنایت وڕا (ل ٤٨٩): وڕا، کەرکوک، هانەگەرمەڵە، نۆدشە، نوسود، تەوێڵە، بەڵخە، دزڵی، دزاوەر، شۆمی، سۆسەکان، ناو، ئەسپەڕێز، هەجێج، ڕوار، وڕا، شەڕەکان، داریان، تەشار، نەجار، دووئاو، هیروێ، بەلەبزان، ملەمەلاندەر، سەردێی پاوە، سەردەرە، نۆریاو، گڵاڵ و دشە، کرماشان، وڵنگەجیم، کاکەمیر، مار، بەغدا.

مەرسییە بۆ کەریم سولتان (ل ٤٩٧): قەسری قەجەر×٢، چەشمەی شێڵماو، چەشمەی گارا، بزەڕیشە، هانەسەیدان، کێل، تایەرە، ڕەزلە، قولەی بەران شاخ×٢، کەوێڵە، ماکوان، ئاتەشگا، پاوە، قولەی قەرزاڵە، گاڵان، گۆڵان، دۆڵەخلێ، وەکەل، ئەیوانە، کۆی حەسەن ئاغە، بەرە، گوڵبەند، نەمراو، کۆتیل، لارەتاو، هانە ریونینە، وەنی جانالی، هانەچەرمە، سەردەرە، میراوا، دێڵێ، کۆڵە، کەلیان کەلیانان، کۆێمەکاڵ، دووسەر، دەرەچێڵێ، قەڕنا، سەرباوەر، دووریان، شێرەڵابەگ، شۆڕژی، سەرکڕان، شەمشیر، بندەرە، نۆسمە، سەرحەوز، قەسری قەجەر، جوانڕۆ.

مەرسیە بۆ فەتاح بەگ (ل ٥٠٥): وەڵەدبێگی×٢

دوو سەرو و سەە باغچەی (ل ٥٠٨): ڕوانسەر×، قولە، قەڵاگە، هێڵەوڕ

جوانرۆ بێ تۆ (ل ٥١٣): شاوەکۆ×٢، مامیری، ساناو، گولیجی، حەوشەزەرد، چاشتەوەر، شین کۆ، خەلانە، بەرکور، گوڵکێ، سوراوەرێ، بەورەوار، گوڵباخی، لارەما، دیلم، کۆسەقەوی، مۆردەزناو، پیرخزر، مایتەڵاش، لۆن، شەتی نوور، گاقران، قلیان درێژ، وەیسیاواڵ، خۆرەتاوە چەژمگ، خانک، ورەزا، چاڵاوە، ملەوس، بازگر، شەشۆڵ، ڕێزە و باڵاخانی، ساناو، کاوات، دێ توێ، شەروێنە، بازان، سوریەر، هەڵانی، بەرچنار، هانی خاڵخاسان، قازانگا، چەمگوێزان، گۆم، بانی توان، هەوارگەی حەسەن، کەڵێ، تورکەپان، سەفیاوا و سەرۆ، لوت تەیمەز بەگ، بیاشۆش، ئیمامی و ئێناخی، قەڵا جوانرۆ×٢

مەرسیە بۆ قازی پاوە (ل ٥١٧): پاوە، وەنیجانالی، هانەچەرمە، سەردەرە، میراوا، دێلێ، کۆڵە، کەلیان، کەلیانان، کوێ مەکاڵ، زەوارە، تگرە، هاڵە، مەیران، هەولێ، بیمیری، سەردێ، قەرەمەشانی، کەڵاخوانیان، پاوە، مەلاشەریفی، میراوا، تگرە، مەرە، دەرەزید، پشتە قەڵاکەی سولتان.

مەرسیە بۆ عەبدوالرحمان بەگی وەکیل (ل ٥٢٥): جوانرۆ×٦، تاقی کیسرا، بانە، کرماشان، قەسر قەجەر، ساناو، شاهۆ، ساراوەن، کڵاش، ملەیگەشتی، ماکوان، گەرمەزناو، سەرقولە، بازگیر، هەسونێ، کاوات، گولیجێ، چاشتەوەر، هەرمێی، پیرخزر، گاقران، حەوشەزەرد، ساناو سێخران، مایمیر، شاهۆ×٦، کۆڵە، پاگەڵان، سفیدکەڵ، تەڵاش، مۆردەزناو، کۆسەقەوی، کەلتفەنگچی، شاوە، ملەوس،ساملە، بێڵەیی، چەمەمیران، کەلی کەماجاڕ و کاوات، شاوەکۆ، هەڵانی، جوانرۆ، قەڵات، بانە، قەڵای جوانرۆ، جوانرۆ×٢، قەسر قەجەر×٣.

وڵامی موعەمای سێف الله (ل ٥٤٩): سەحرای هاموون

مەرگی شاهێن (ل ٥٥٥): شوای کرن، داڵەهۆ، داڵەهۆ، بەمۆ، بەمۆ، کانی کەڵ، سەرتەک، دەربەند، بێ لوولە، بالوول، کانی حەسەر، تیلەکۆ، ساراوان، کرن، بلەبزان، سولتانساق، پەوێنە، نەوسوود، سەراوشمشی، حەوزەلارە، نەوسوود، قەڵوەز، ئاهوو، شاوە، زاوەلی، پاوە، هەولی، بیمیری، هەوڵ، کەوسەر، پاوە، ملەبراڵوک، حەسارگا، شمشێر، گریوە، سەریاس، قولەی قاف، ساناو، بێستوون، پەڕاو، ئەشکەفت، بەلووچ، بێ کش، ئەماراو، شاخ شکێن، هەژەر، خوڕێڵە، خوڕین، (باهووی) سەنگەر، حاجی خان، وەفرەچاڵ، دەروون جەماڵ، چاڵاوە، گاچاڵ، جاوری، مازەرد، گاسەر، قولە، قەڵاگە، ڕوانسەر، هێلەوڕ، زینان، سنجەر، پاگە، کەماڵە، شەوەر، ڕوانسەر، ڕوانسەر، چل یاران، کانی خەیران.

جەنگنامەی هەڵاڵەزەرد (ل ٥٦٧): ئێران× ، ئینگلیس، تەبریز، سەقز، سابڵاخ، سەردەشت، پشت دەرە، بانە، مەریوان، خەمسە، میهرەبان، زەنجان، گەرووس، ڕووس، لوڕستان، خوڕەم ئاباد، کەڵهوڕ، لەک، لوڕ، سنجابی، کەڵوڕ، گۆران، قەڵخانی، میرکی، قوبادی، باوەجانی، جاف، جوانرۆ، پاوە، لهۆن، هەورامان تەخت، دزڵی، ڕەزاو، کوردسان، دایچی، عەمەڵە، کەلهوڕ، کەڵهوڕ، کەڵهوڕ، هەیوان، گێڵان، گواوڕ، عەمەڵە، هووکەڵ، قەیتول، خاوشیان، کەڵهوڕ، گێڵان، نەواکوو، جەیحوون، کەڵهوڕ، جاف جوانرۆ، شاوەکۆ، ئەورامان، ئێران، جاف جوانرۆ، ڕوانسەر، نەوسوود، ئەورامان، جوانڕوود، شەشبید، دایچی، کەڵهوڕ، وەڵەدبەیگی جاف، ڕوانسەر، شاگودار، بازان، زلان، میرکی و قوبادی، دزڵی، قەڵاگە، خۆشخانی، رەزاو، هەورامان تەخت، مەریوان، گەشکی، بێڵەوار، سونقر، کولیایی، خەمسە، میهرەبان، گەڕووس، لەیلاخ، سەردەشت، بانە، سەقز، سابڵاخ، بانە، کوردسان، خوسرەوی، گەڕووس و قەرەبەڵاخ، قەسڵان، کەمەک و ئەڵمە فەڵاخ، زەن، گورگین، مەنمی، گەڵواخی، سەرچی، نشوور، تاو، دۆڵاو، شاهێنی، سونقر، گەرووس، کولیایی، کەڵ سفید، بێڵەوار، خەران، دێزگەران، ونڕنی، کارێز، قەڵوەز، سوڕنی، ڕەزین، ڕازیان، ڕزڵان سەر، کەنوولە، کەمەس، دینەوەر، چنار، سماق، کۆڵان، کمشوور، قەڵا، قەیەون، باتمان، کامیاران، توربەڕێز، گەشکی، وەرمەهەنگ، ئەوراماان، ئەورامان، هانەگەرمەڵە، نۆدشە، نەوسوود ، وڕا، شەڕەکان، داریان، تەشار، سەرپێڵ سیروان، شێخان، زلتە، هاوار، سازان، تەوێڵە، بەڵخە، وزڵی، دزاوەر ، بەڵخە، سەریاس، پاوە، شاوە، قشڵاخ، وزڵی، دزاوەر، شۆشمێ، تەشار، وڕا، شەڕەکان، داریان، نجاڕ، دووئاو، هیروێ، بەلەبزان، شێخان، زلتە، هاوار، سازان، نروی،

کێمنه، کۆمەدەرە، دشە، گراڵ، نۆریاو، دەرموور، نۆسمە، دووریسان، جوانڕۆ، قشڵاخ، جوانڕۆ، ئێناخی، ئیمامی، زەردۆیی، مەزیدی، ساتیاری، باینگان، دەوان، شمشێر، سەریاس، قشڵاخ، مەنسوورئاقایی، دێسوور، بێوڵە، دێتوێ، پێڵاوی، زلان، زێران، کڵاش، بنجۆ، جوانڕۆ، قەڵا، جوانڕۆ، ئەورامان، سەقز، سابڵاخ، بانە، مەریوان، خەمسە، مێهرەبان، بیجار، لەیلاخ، سونقر، کولیایی، بێڵەوەر، ماراو، گورگان، بەرزەچنار، سنجابی، سەنجاب، ڕوانسەر، ڕوانسەر، ڕوانسەر، شاوە، ڕوانسەر، یەڵەوڕ، ڕوانسەر، سەڵم، توور، ڕوانسەر، گەشکی، بێڵەوار، سوورسوور، ناڵەشکێنە، ڕوانسەر، شاوەی شنیدەر، ڕوانسەر، مازەرد، کاشتەر، کۆشک، بانی کۆشک، قولە، ڕوانسەر، ڕوانسەر، ڕەزاو ، عەمەڵە، ڕوانسەر و تەنگی بەر، هەجیجی، چواردۆڵان، شاوە، چواردۆڵان، تەنگی خاو، هەڵاڵە زەرد، شاوە، مەنمی، کەلهوڕ، سوورسووری، کەلهوڕ، ڕوانسەر، قولە، قەڵاگە، تەپەقەوی، کوورەخانە، هێڵەوڕ، ڕوانسەر، ڕوانسەر، تاران، ڕوانسەر، تاران، تاران، کرماشان، کاشتەر، چاڵاوە، ڕوانسەر، دووڕۆیی، باشۆکی، زەڕنە، چشمەسفید، لۆن، لوڕسان، گولیجی، پاوە، کوردسان، پاوە، کوردسان، نەوسوود، نەوسوود، کوردسان، ئێراق، پێنجوێن عێراق، پێنجوێن عێراق، پێنجوێن، پێنجوێن، سلێمانی، عێراق، کوردسان، ڕوانسەر، ئێران، پاوە، لوڕسان، پاوە، داروەسەر، ، ، دێواڵە، ئێل عەمەڵە، کوردسان، لوڕسان، کوردسان، لوڕستان، لوڕ، کوردسان، ئێراق، ئێراق، بەغداد، نەجەف×٤، نەجەف ئەشرەف، تاران، ئێران، دووریسان، دووریسان، شوانکارە، تایفەی ئەحمەد کەیانی، ڕوانسەر×٢، تاران، ڕوانسەر، کوردسان، دشە، دشە، هاڵهەمان، شێخان، سولتانساق، باغچەی سولتان، کوڕەمیان، شۆشمێ، سۆسەکان، بەڵخە، گوڵپ، باخەکۆن، باخەکۆن، هەڵەبجە، تاران، کوردسان، زەڵم، ملەی مەلا موستەفا، کەلی کەماجاڕ، کەرکووک، موسڵ، شارەزوور، بەغدا، بەسرە، هەولێر، کەلار، خانەقین، ئاوسفید، دزڵی، دەربەند دزڵی، سان قەڵاگا، سوورکەوڵ، سوورکەوڵ، سوورکەوڵ، کۆی ساراوەن، گەڵاتەرزان، تاڵەبەران، تێژتێژ، ئارەنان، کوردسان، ئەردەڵان، ئاویەر، کوردسان، سەرنوێ، سەرنوێ، کەمێز، تاران، هەمەدان، هەمەدان، مینگەی ئیمام، تاران، شەمێران، قولهەک، تەجریش، سەعدئاباد، تاران، ئێران، تاران×١٥، کوردسانی، شەهرەبانی، کەلهوڕی، کەڵهوڕ، سنجابی، کەڵهوڕ، ڕوانسەر، ڕوانسەر، مینگەی ئیمام، سەحنە و چامچەماڵ، مەڵایەر، دەرا، قازیان، ڕازیان، قولەنگبڕ، جلۆگیرە، شاگودار، قلیجخانی، مسکین ئاباد، پەهلەوی ئێران، ئێران، ئێران، سەقز، سابڵاخ، بانە، مەریوان، هەورامان، خانەشوور، شێخ سڵە، سەرقەڵا، جەیران، ئەزگڵە، سەرپێڵ، زەهاو، قەسر، خەسرەوی، ئێران، ئێران، قەڵا، ڕوانسەر، قەڵا، خوەشمەکان (ناوخۆشگان)، قەڵای جوانڕۆ، کەربەلا، ڕوانسەر، کەربەلا، کرماشان، ئەزگڵە، کرماشان، سەقز، سابڵاخ، سەردەشت، بانە، باغ وەحش، ئاسیا، ئەفریقا، ئوورووپا، ئەڵمان نازی، ئاڵمان، ئینگلیس، ڕووس، ئەمریکا، لنینگراد، مسکۆ، شەورەوی، ڕووس، ئێران، ئێران، ئینگلیس، شەورەوی، ئەمریکا، ئێران×٢، ڕووس، ئامریکا و بریتانیا، ئێران، لەندەن، مووریس، ئێران×٢٠، ئەمریکا، ئینگلیس، مسکۆ، ڕووس، شەورەوی، ئازەربایجان٣،